ئاستانه



# دانپێدانانەکانی کۆنە فێمینیستێک


نووسینی: ئـوم خالیـــد

وەرگێڕان: ڕێکخراوی ئاستانه

دانپێدانانەکانی کۆنە فێمینیستێک

نــاوی نووســەر: ئوم خالید
وەرگێڕان: ڕێکخراوی ئاستانە
پێداچوونەوە: ڕێکخراوی ئاستانە
دیزاینی ناوەوە و بەرگ: ڕێکخراوی ئاستانە
نۆبــەتـی چـــاپ: یەکـــەم ٢٠٢٢
تـیـــــراژ: ١٠٠٠ دانـــــــە

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتیەکان - هەرێمی کوردستان
ژمارە سپاردنی (        ) ی ساڵی ٢٠٢٢ پێدراوە

مافی لەچاپدانەوەی پارێزراوە بۆ ڕێکخراوی ئاستانە ©

# دانپێدانانەکانی
# کۆنە فێمینیستێک


نووسینی

ئوم خالید


وەرگێڕان:

ڕێکخراوی ئاستانە

بسم الله الرحمن الرحيم

# پێشەکی

ڕۆژی هاوچەرخی ئەمڕۆ، ڕۆژی گونجاوی دابڕانە لە سروشت و فیترەتی مرۆیی. شێواز و ئامراز و ڕێگە و دەسەڵات و تەنانەت کەسایەتی جیاوازیش بوون بە سەرتاڵی تێکدانی ئەم فیترەتە خوداکردەی کە مرۆڤ ناتوانێت حاشایی لێ بکات، لانیکەم ئەو کاتەی کە تەنیا دەبێت و پێویستە لەگەڵ خۆی ڕاستگۆ بێت. فێمینیزم یەکێکە لەو ڕەوتانەی کە بە چڕی و ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ دزەی کردووتە نێو ڕوانینەکانمان و بەجۆرێک کە نا ویستانە کار لەسەر بیری خانمان دەکات و ڕەنگرێژی هەڵوێستیان دەکات بەرانبەر خۆیان و کۆمەڵگە و پەیوەندییان لەگەڵ ڕەگەزی بەرانبەردا. ئەم ڕەوتە هاتوو ئافرەتی لە مێیینەتی خۆی دارنی، ڕکابەرایەتییەکی ناهاوسەنگ و ناپێویستی بۆ دروست کرد لەگەڵ ڕەگەزی بەرانبەردا. ئەمە جگە لەوەی وای لە ئافرەت کرد لە مێیینەتی خۆی ڕابکات و هەر ڕێگەیەک کە دێتە پێشی تاقی بکاتەوە تاوەکوو بیسەلمێنێت مێیینەتی «لاوازی» نییە. ئەم نامیلکەیی بەردەستت بەشێکە لە ئەزموونی خاتوونێک کە سەردەمانێک فێمینیستێکی توند بووە و جەنگاوە تاوەکوو لەگەڵ پیاودا بە یەکسانی مامەڵەی لەگەڵ بکرێت، بەڵام دواتر و بەهۆی ڕوانین و ڕامانی لە قورئانی پیرۆز بۆی دەردەکەوێت کە چەندین ساڵە خۆی بە بیرێکەوە سەرقاڵ کردووە و شەڕێک دەکات کە هی ئەو نییە و ئەم لەم جەنگەدا بێ ئامانجانە شەڕ بۆ کەسانێک و دەسەڵاتێکی تر دەکات، هاوکات دەگەڕێتەوە بۆ ئەو بۆچوونەی کە ئەسڵە و ئەم بەناوی فێمینیزمەوە ماوەیەکی زۆرە لێی دوور کەوتووەتەوە. بە هیواین ئەزموونی ئەم خاتوونە ببێتە هۆی هەڵماڵینی پەردە لەسەر زۆر خاڵی هاوبەش و پاشان هەنگاونان بەو ئاراستەیەی کە دروستە.

ASTANA

# بەشی یەک

لە ڕابردوودا کەسێکی زۆر دەمارگیربووم لەسەر «فێمێنیزم»[1]، بەتایبەت لەو کاتەی خوێندکاری ئامادەیی بووم و پاشان لە ماوەی خوێندنی سەرەتای زانکۆمدا.

ڕەنگە ئەم قسانەم سەرسامتان بکات، چونکە ئێوە تەنیا وەک ژنێکی ماڵەوە و دایکی چوار منداڵ دەمناسن کە خەریکم پۆست دەربارەی پەروەردە و فێرکردنی ماڵەوەی منداڵ لە فەیسبووکدا بڵاودەکەمەوە، لێرە پێت دەڵێم ئامادەبە بۆ سەرسام بوونی زیاتریش.

هەرگیز نەمویستووە هاوسەرگیری بکەم و منداڵ بخەمەوە. بەڵێ، من ئەو کچە «بووم». پرۆسەی هاوسەرگیری وای لێ دەکردم هەست بە لاوازی بکەم، هەست بکەم زۆر لەوە بێتواناترم کە بەتەنیا بژیم و دەبێت مەحکوم بم بە پیاوێک کە نیشانم بدات چۆن بژیم. بۆیە نەخێر، سوپاس بۆ ئەو بیرۆکەیە، هەر نەمویست. بیرکردنەوە لە منداڵ خستنەوە وای لێ دەکردم لە ترسان گرمۆڵە بم. بیرکردنەوە لەو منداڵە بچووکە گرینۆکانەی وەک لاشەیەکی مردوو لەدەوری ملم دەئاڵێن، یاخود ئەو ساوایانەی هاوار دەکەن و پێویستییان بە گۆڕینی داییبەکانیانە یان لە نیوەشەواندا بە ئاگا دێن و دەگرین، یان ئەو منداڵانە تازەپێگرتووانەی پسپۆڕییان لە دڕی و چەقاوەسووییدا هەیە، هەموو ئەمانە وای لێ دەکردم موچڕکم پێدابێت. هەر بەوەشەوە ناوەستێت ئەم چەقاوەسووە بچکۆلانانە دەبنە

---

(1) فێمێنیزم: مێگەرایی، بزووتنەوەیەکە کە لە ئەوروپا سەریهەڵداوە، تێیدا داوای یەکسانی ژن و پیاو دەکرێت.

بەرپرسیارییەتی ژیانی من. خۆ ئەمەش وەکوو حوکمی زیندانی تاهەتایی یاخود حوکمی سێدارە وابوو بەلای منەوە. منداڵ خستنەوە کەلەپچەم دەکات بۆ ڕۆژانی داهاتووی ژیانم. کۆتایی بە ئازادی، شوناس و بوونم دێنێت.

«نەخێر، سوپاس، ئەوەشم ناوێت.» کەواتە نە هاوسەرگیری، نە منداڵ. من بەمشێوەیە و بەتەنیا دڵخۆشم.

ئەمە شێوازی بیرکردنەوەم بوو لە کۆتایی هەرزەکاری و سەرەتای بیستەکانی تەمەنمدا، لە هیچ شتێک تێنەگەشتبووم، کەچی وامدەزانی لە هەموو شتێک تێگەیشتووم. زۆرێک لە خوشکان ئێستا پەیوەندیم پێوەدەکەن و پێم دەڵێن ئەوانیش لە ڕووی بیرکردنەوەوە ڕێک وەک منن. ئەوانە ئەو ژنانەن کە هاوسەرگیری وەک کۆیلایەتی و منداڵان وەک کۆت و بەند دەبینن. ئەم جۆرە بیرکردنەوەیە ئەوەیە کە ئێمەی ئافرەتان لەماوەی گەورەبوونمان لەم جیهانە خۆپەرستی خودپەسەندە سیکۆلارییەدا(1) وەریدەگرین. ئێمە بەنێو دامەزراوە جیهانییەکانی لە «قاڵبگرتن و کۆت کردن»دا گوزەر دەکەین کە لەلایەن لیبراڵەکانەوە خاوەندارێتی دەکرێت. (قوتابخانەی حوکومی، کۆلێژ، پرۆگرامە هۆڵیوودییەکان، مێشک شۆردنەوە لە ڕێگەی میدیاوە، میوزیک، گۆڤار، کتێب و ئەکادیمیاکان) هەموو ئەمانە جۆرێک دامەزراوەن بۆ لە قاڵب دانی تاکەکان. مۆدێرنە، تاکگەرایی، چێژپەرستی، سەرمایەداری، مەسرەفگەرایی و مێگەرایی، هەموو ئەمانە فێرمان دەکەن کە سووکایەتی بە هەر شتێک و هەر کەسێک بکەین کە «ئازادییەکەمان» لێ دەستێننەوە، مێرد و منداڵیش تۆمەتباری یەکەمی ئەم بابەتەن. کەواتە بابەتی هاوسەر و پیاو لە بیری خۆت ببەرەوە. کێ

---

(1) سیکۆلار: عەلمانی. سیستەمێک کە ئاین و سیاسیەت لێک جیادەکاتەوە و ئاین لە چەند پەرستشێکی تاکە کەسیدا قەتیس دەکات.

ASTANA

پێویستی بە پیاوە؟ هەبوونی منداڵیش لەبیر بکە. کێ پێویستی بەو سەرئێشەیە هەیە؟ خەریکی ژیانی خۆت و خوێندن و پیشە دڵخوازەکەت بە، سەرنج بخە سەر ئامانجەکانت و تواناکانت دەربخە. ئەم ماستەر و ئەو دکتۆرا بەدەست بێنە. ئەم توێژینەوە لە تاقیگەدا ئەنجام بدە، بە پلە پیشەییەکانی فلانە کۆمپانیادا سەربکەوە، ئۆفیس و مووچەی بەرز بەدەست بێتە، ژیان کاتێک خۆشە کە ژنێکی سەربەخۆ بیت.

بەڵام ئەم کێشەیە بەبێ دەنگی و بە نهێنی بەرۆکمان دەگرێت. ئێمە بەم بیرۆکانەی ناو مێشکمانەوە بەردەوام دەبین تا ئەو کاتەی دەگەین بە کۆتایی بیستەکان، یاخود سی ساڵی تەمەنمان و یەکەم ژانی دایکانە لە شوێنێکی نادیارەوە بەرمان دەکەوێت. بەشێوەیەکی نادیار، هەستێکی نامۆ بۆ هەڵگرتنی کۆرپەیەک لەنێو ئامێزی خاڵیماندا دامان دەگرێت، لەپڕ وێنای ماڵی گەرموگوڕ دەکەین کە پڕە لە پێکەنینی منداڵ و دەنگی پێی بچکۆلانەیەک کە بەو ناوەدا ڕادەکات، ئێمەش زەردەخە دەکەین بەدەم ئەم بیرکردنەوەیەوە. ژنێک لە نێوەڕاستی سییەکانی تەمەنیدا باسی لەوە دەکرد کە خانمێکی دیوە عەرەبانەی کۆرپەکەی پاڵناوە و ئەمەش وای کردووە هەست بە «گوشرانێک» بکات لە «ڕەحمی بەتاڵ»یدا. غەریزەی دایکایەتی زۆر بەهێزە، دوای ساڵانێک لە نووستن، لەپڕ بەئاگا دێتەوە، هەر بۆیەش هەست بە ئازارێکی تاقەت پڕووکێن دەکەین. ئازاری «ناکۆکی مەعریفی» ئەمەش واتا تۆ کارێک ئەنجام بدەیت، لەکاتێکدا خۆت شتێکی دیکەت دەوێت. بەڕاستی بەئازار و نیگەرانکەرە کە بکەویتە دۆخی ناتەبایی و ناکۆکی نێوان ئەوەی دەتەوێت و بڕوات پێیەتی، لەگەڵ ئەوشتەی کە بە کردەیی ئەنجامی دەدەین. ئەم ئارەزووە سەیروسەمەرە نوێیە بۆ هاوسەرێک، خێزانێک، منداڵێک، دژی بیرکردنەوەی ڕابردوومانە کە پێمان وابوو هاوسەر و منداڵ دوژمنن، لەبەر ئەوەی لە ئازادیمان کەم دەکەنەوە. ئێمە لەلایەنی «عەقڵییەوە» لەگەڵ هەڵوێستی کۆنی خۆمان

ASTANA

ئاسوودەین کە هەرگیز هاوسەرگیری و منداڵمان نەوێت، بەڵام خەریکە لەلایەنی «سۆزیاری و غەریزەییەوە» تاسەی ئەم شتانە دەکەن.

هەر ئەم ناکۆکییە بەسە بۆ ئەوەی بەرەو شێتیمان بەرێت، ئەم هەستە ناکۆکە ئازاردەرانە بەم دووجەمسەربوونەیانەوە بەرەو لەناوبردنمان دەبەن. ئێستا زۆر هەست بە گەمژەیی دەکەم! چۆن دەکرێت وابیرمکردبێتەوە کە هاوسەرگیری و منداڵ خراپن؟ ئێستا هەموو ئەو شتانەی لەم ژیانەدا دەمەوێت ئەوانن. نەخێر، لەوانەیە گەمژەبم کە ئێستا ئاوها ئەم تامەزرۆییە سەیرەم بۆ منداڵ هەیە! باشترە بێمەوە سەرخۆم. ئایا من شێتم کە بیر لەوە دەکەمەوە ببم بە دایک و هاوسەر؟ ئاخر من بەدرێژای ڕۆژ چی بکەم لەگەڵ منداڵێکی بچووکدا؟

ئەگەر لەدوای خوێندنەکەم هاوسەرگیری بکەم، ئەوە خوێندنی زانکۆم بەخەساردراوە! چەند جێگای شەرمە کە ئەم هەموو ساڵەی تەمەنم و هەموو دەسکەوتەکانم بەفیڕۆ بدەم، ناکرێت هەموو ئەوانە وەلا بنێم! ئەی چی لە هیوا و خەونەکانم بکەم؟ مەگەر منیش تاکێک نیم؟ خۆ هەموو ئەمانە ون دەبن کاتێک دەبم بە دایک و هاوسەر! هاوسەرگیری بکەیت و منداڵ بخەیتەوە، ژیان هەر ئەوەی تێدایە؟ هەر ئەوەندە؟ چەن بێزارکەرە!

من کەسێکم زۆر شتم ئەنجامداوە، زۆر شتم بینیووە، گەشتم کردووە و سەرکێشیم ئەنجام داوە. بۆیە پێم وایە «جێگیربوون» لەپێناو هەبوونی خێزانێک و لەگەڵ منداڵی بچووکی بێزارکەردا، زۆر نارەحەتە، زۆر ماندووکەرە. دەروونم هێندە گۆڕاوە کە نازانم چۆن دەتوانم بەرگەی ئەوە بگرم لە ماڵەوە لەگەڵ منداڵدا بمێنمەوە، چۆن بەرگەی ئەو گۆڕانکارییە گەورەیە دەگرم لە شێوازی ژیانمدا؟ ئایا تەنانەت لەڕوانگەی ئیسلامەوە هاوسەرگیری و منداڵخستنەوە ناچارییە؟ نەخێر. ئەی باشە ناکرێت

ASTANA

پیشەکەم ببێت بە ڕێگەی پەرستشی من بۆ خودا؟ من بەجۆرێک لە جۆرەکان شەیدای توێژینەوەکانمم. بیرکردنەوە لە شتێکی دیکە کە ئەوانم لێ بکات ئازارم دەدات. تەنانەت ئەو هاوڕێیانەشم کە هاوسەرگیرییان کردووە کێشە و ناخۆشییان هەیە و ڕقیان لە ژیانی خۆیانە! وادیارە ئەو دایکانەی لە ماڵەوە دەمێننەوە هەست دەکەن قەدریان نازاندرێت و سەرکوت دەکرێن، ئەوانەش کە کار دەکەن هەست بە فشارێکی زۆر دەکەن لەنێوان کار و ماڵەوەدا، هیچ کەس پێی خۆش نییە ببێت بە دایک! من چۆن حەز بکەم؟»

من زۆر لەم دکتۆرا گەمژانەیە ماندووم، تەنانەت نامەوێت تەواویشی بکەم. سوودی چییە؟ من منداڵێکم دەوێت ئێستا! چی ئەگەر ژیانی پیشەییم وەلا بنێم و ژیانی ماڵەوە هەڵبژێرم، دواتریش لە هەڵبژاردنەکەم پەشیمان ببمەوە؟ چی دەبێت ئەگەر واز لە کارکردن بهێنم بۆ ئەوەی لە ماڵەوە لەلای منداڵەکانم بمێنەوە و دەستبەجێ پەشمان ببمەوە لەو کارەی کردوومە؟ ئایا هیچ ڕێگایەک هەیە بۆ گەڕانەوە و پەشیمانبوونەوە؟ بەم بیرکردنەوانەوە کە شێتمان دەکەن و بەم ململانێ دەروونییانەی ناخمانەوە، هەست بە بێهیوایی، سەرلێشێواوی و خەمۆکی دەکەین. ژیان مات و سەرلێشێوێنەر دیارە. بیرکرنەوەمان تێک ئاڵاو و پەرێشانە، چیتر ناتوانین ئەم بێسەروبەرییە ڕێک بخەین. مێشکمان شتێکمان پێ دەڵێت، دڵیشمان شتێکی دی، ئێمەش نازانین کامیان ڕاستە.

ئا ئەمە ئەوەیە کە مۆدێرنە بە ئێمەی ئافرەتی کردووە. ژەهری «فێنینیزم» دزەی کردووەتە نێو بیرکردنەوەکانمانەوە وەک چۆن بۆیاغ دزە دەکاتە نێو کوتاڵەوە و ڕەنگی دەکات. فیترەتی ئێمەی ئافرەتان لەگەڵ حوکمەکانی کۆمەڵگەی جیهانی ئەمڕۆدا ناکۆکە. ئاماژە ناوەکی و دەرەکییەکان لە شەڕدان. بۆ چارەسەرکردنی «هەر» کێشەیەک، ئێمە

پێویستە سەرەتا دەستنیشانی بکەین، چونکە ناتوانیت چارەسەری هیچ کێشەیەک بکەیت ئەگەر ئاگاداری بوونی کێشەکە نەبیت. کەوایە ئیشی ئێمە ئەوەیە کە سەرەتا حەقیقەتی جیهانی فێمینیزمی مۆدێرنە و چۆنییەتی کاریگەربوونی لەسەر دەروونمان بناسین. پاشان، ئەرکی ئێمەیە کە بە مێشک و دڵێکی کراوەوە بەدوای ڕاستیدا بگەڕێین، شوێن هاوسەنگی و ئارامی مێشک و ئاسوودەیی ڕاستەقینە بکەوین، تاوەکوو دواجار ئەو جەنگەی ناخمان بەکۆتا بگات بە ویستی خوا.

# بەشی دوو - ئافرەت، کولتوور و ئیسلام

## یەکەم: ئافرەت لە کولتووری میسریدا

من خاوەنی سێ خوشک و برایەک بووم، لە میسر دەژیایین. میسرییەکان نەریتێکیان هەیە کە هەبوونی کوڕ هەم بە پێویستی دەزانن و هەمیش جێگەی دڵخۆشییە بۆیان، هەڵەش نیم گەر بڵێم ڕێک هەستێکی پێچەوانەیان هەیە کە باسەکە دێتە سەر هەبوونی منداڵی کچ! هەندێک قسەش باوە لەنێو میسرییەکاندا زۆرجار لە زنجیرە و فیلمەکاندا بیستومە، کە بەجۆرێک ئافرەت لەکەدار دەکەن، کۆمەڵێک دەستەواژە بە کاردەهێنن کە مەبەستیان لێی گاڵتەجاڕییە، بۆ نموونە دەڵێن: «ئیشی ژنە» یان «قسەی ژنە»، بەڵام لە واقعدا تەنیا «قسەی پیاوان» قسە جدیەکەیە کە تۆ مەبەستتە ئاماژەی پێبەیت. لە سەرەتای خوێندنی ئامادەیمدا دەستمکرد بە سەرنج خستنەسەر و بەرهەڵستیکردنی ئەو جۆرە نەریتانەی نێو کۆمەڵگەی میسرییەکان.

## دووەم: ئافرەت لە کولتووری ئەمریکیدا

تەماشای زنجیرە و فیلمە ئەمریکییەکانم نەکردووە، بەڵام ڕۆشتووم بۆ قوتابخانە حوکمییەکانی ئەمریکا. لەگەڵ گەورە بوونم هاتمە سەر ئەو بڕوایەی کە کچ بوون واتا زەحمەتی. کوڕان لە زۆر ڕووەوە لە کچان باشترن، هەم لە لایەنی جەستەییەوە گەورەتر و بەهێزترن، هەمیش

وردتر و ژیرانەتر کۆنترۆڵی هەستیان دەکەن. بەردەوام ژینگە و کۆمەڵگەی ئەمریکا لە ڕێگەی گۆڤار و ئەو گۆرانییە لیریکانەی کە لە پاسی قوتابخانەدا دەمبیستن و کەلتورە باوەکەیان ئەوەیان بۆ دەسەلماندم کە ئافرەتان تەنیا بۆ سێکس لەگەڵ کردن و ئاسودەکردنی پیاوان و وابەستەبوونێکی گێلانە بە پیاوەکانەوە دروستبوون. نەخشاندنی وەها وێنەیەک بۆ ئافرەت لە وڵاتە نا مسوڵمانەکاندا توشی دڵ توندی دەکردم.

## سێیەم: ئافرەت و یاسا ئیسلامییەکان

منیش دوای ئەو باوەڕە باو، بەڵام «هەڵە»یە کەوتم کە دەگوترا ئیسلام دژ بە ئافرەتانە. وەکوو هەرزەکارێک کێشەم لەگەڵ باڵاپۆشی نەبوو، بەڵکوو ئەوەی زەحمەت بوو لەلام تێگەشتن بوو لە مەبەستەکەی. هەندێک جار وام هەست دەکرد کە حیجاب بۆ شاردنەوەی جوانیم بێت و تاکە مەبەست لێی ئەوەبێت کە ناشرین دەرم بخات، یاخود بۆ ئەوەی مێیەتیم لێ بەرێت، هەرچییەک بێت! خولەکێک! یانیش ڕەنگە نیشانەیەکی مێیەتی بێت، چونکە تەنیا ئافرەتان حیجاب دەپۆشن نەک پیاوان، تەنانەت نەمدەزانی کە مێیەتی واتای چییە، ئەسڵەن شتێکی باشە یان خراپ؟! تێنەدەگەشتم کە بۆچی لە ئیسلامدا یاساگەلێکی جیاواز هەن بۆ پیاوان، کە پێچەوانەی ئەو یاسایانەن کە تایبەتن بە ئافرەتان. پێموابوو کە جیاوازییەکان بەو سادەییەش نین کە بیرم لێدەکردنەوە، بەڵکوو باسەکە بەهای جیاوازییەکانە. پیاوان یاسای تایبەتیان هەیە، چونکە باشترن لە ئافرەتان، ئافرەتانیش بەجۆرێک سنوردارکراون چونکە خراپترن لە پیاوان.

سەرنجی چەند پێگەیەکی تایبەت بە ئافرەتانمدا لە ئیسلامدا کە جێگەی باس بوون بۆ نموونە، ئافرەتان دەبێت باڵاپۆش بن، لەدوای

ASTANA

پیاوانەوە نوێژ بکەن، تێکەڵاوی ژن و پیاو دروست نییە، چونکە ئیسلام بە ئاستێکی نزمتر لە ئافرەتان دەڕوانێت بەراورد بە پیاوان. ئەمەش بۆ من تەنیا دەستەواژەیەکی مسوڵمانەنە بوو بۆ هەمان ئەو پەیامەی کە بە ڕوونی لە کەلتوری ئەمریکی و میسرییەکانەوە بیستبووم. هەمان ئەو دەستەواژەیەی کە دەڵێت: «ئافرەتان بونەوەرێکی نەگریس و نەویستراون، بەڵام پیاوان پایە بڵند و چاکەخوازن».

هەرزەکاران مەودایەکی بەرتەسکی بیرکردنەوەیان هەیە دەربارەی دادگەری، ئەم جیاوازییە ڕەگەزییانە هاوتا نەبوون لەگەڵ ئەو باوەڕەم بۆ دادگەری کە لە قوتابخانەکانی ئەمریکاوە فێربووبووم. بۆ مەگەر دادگەری بەواتای یەکسانی نایات؟! پیاوان و ئافرەتان هاوتا و یەکسان نەبوون لە ئیسلامدا، ئەی ئەمە نادادگەری نییە؟! نەمدەتوانی لەم شتانە تێ بگەم.

باوکم، ئەو پیاوە داماو و ئارامە بوو کە بەرگەی ئەو هەموو ڕق و کینەیەی منییێکی پازدە ساڵانی دەگرت، لەگەڵ ئەوەی ئەو ڕق ئەستورییەی خۆشم پێم هەق بوو، کینەیەکیش کە کچێکی پازدە ساڵان لە دەروونیدا کۆی بکاتەوە کینەیەکی زۆرە. ئەو زۆر لەسەرخۆ و میهرەبان بوو بەرانبەر پرسیارە وشک و لەناکاوەکانم. هەمیشە پرسیاری ئەوەم لێ دەکرد کە بۆچی پێویستە ئافرەتان باڵاپۆشبن، بەڵام پیاوان نا؟ من کێشەم لەگەڵ باڵاپۆشی نییە، بەڵام تەنیا پێم خۆشە پیاوان ببینم کە حیجاب دەپۆشن! با بزانن کە چۆن هەستێکە کاتێک وەکو نامۆییەک لە قوتابخانە ئەمریکییەکاندا مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێت! بۆچی ئافرەتان هەمیشە بڕێکی کەم لە میراتیان بەردەکەوێت؟! ئەوە مانای ئەوەیە کە کوڕان لە کچان باشترن؟! بۆچی شاهێدی ژنان بەراورد بە پیاوان بە نیوە هەژمار دەکرێت؟! تەنیا لەبەر ئەوەی ئێمە لەوان گێلترین؟! بۆچی خودا یاسای جودای لە یاسای ئافرەتان بۆ پیاوان فەراهەم هێناوە؟! دەشێت ئەمە دادگەری بێت؟!

ASTANA

باوکم هەوڵیدەدا زۆر میهرەبانانە لەگەڵم بدوێت، تاکوو ئەو لێک ئاڵۆسکاوی و ئاڵۆزییەی بیرکردنەوەکانم نەهێڵێت. بۆ ڕەواندنەوەی گومانەکانەم کە زۆر بەچڕی لە مێشکم پەنگی خواردبوو وە بەردەوامیش بیرم لێیان دەکردەوە، بەڵام بیرمە کە چەند بێباکانە پشتم لە قسەکانی هەڵدەکرد و بەردەوام بووم لە پێداگیریکردن لەسەر هەڵوێستەکانم. ڕۆژی دواتر و هەفتەی دواتر هەمان پرسیارم ئاڕاستە دەکردەوە، بەڵام هەرگیز کۆڵی لەو میهرەبانییەی نەدا و بەردەوام وەڵامی پرسیارەکانمی دەدایەوە.

ئەو کەمە تێگەشتنەم لە ئیسلام، کێشەی جیاوازی کەلتورەکانی قوڵتر دەکردەوە و سەر لێ شێواوتری دەکردم! ئەو زریانە بەهێزەش کە کیژۆڵەیەک یاخود ئافرەتێکی کامڵ پێویستییەتی، چاوەڕوانی بارووودۆخێکی لەبارە تاکوو بەرەو گالیسکەی مێگەرایی بچێت و لە پێناو «دادگەری و یەکسانی»دا بجەنگێت.»

ASTANA

## بەشی سێ - پەروەردە

بەشێکی زۆری خەڵکی هەر دوو چەمکی (فێرکردن و زانین) تێکەڵ دەکەن، لەکاتێکدا ئەو دوانە هەمان شت نین! سیستەمی پەروەردە لە ئەمریکا بێلایەن نییە، بەڵکو ڕێک بە پێچەوانەوە سیستەمێکی تایبەتی دیزاینکراوە بۆ بەرهەمهێنانی کارکەرێکی باش بۆ کارگەکان و هاوڵاتییەکی گوێڕایەڵی دەستەمۆ بۆ ویلایەتەکە. قوتابخانە حوکمییەکانی ئەمریکا فێرگەیەکی سەربازین کە منداڵانی سێ بۆ چوار ساڵانی لێ ناونوس دەکرێن، تاکوو دەگەنە تەمەنی هەژدە ساڵ، پاشان بە کۆلێژە ئەدەبییەکان دەسپێردرێن کە بەردەوامی بە پرۆسەی مێشک شۆردنەوە و لە قاڵبگرتنیان دەدەن. جا گەر ئەمە دۆخی خوێندنگەکان بێت و تۆ خۆشت فێمێنیسێکی کراوە بیت، مەگەر بەس خوا ڕەحمت لێ بکات. ١

دامەزرێنەری سیستەمی نوێی خوێندنگەکانی ئەمریکا «هۆراس مان» کە ڕاستەوخۆ دوای خوێندنگە ئەڵمانییەکان ئەم سیستەمەی بە مۆدێل کرد، لە گەشتەکەیدا بۆ ئەڵمانیا سەرسام بوو بە چۆنییەتی بەڕێوەچوونی سیستمە پەروەردەییەکانی ئەو وڵاتە، کە لەژێر چاودێرییەکی ورد و جەختکردنەوە لەسەر فێرکردنێکی گونجاوی فێرخوازان کاری لەسەر دەکرا، تاوەکوو بیانکەن بە کەسانی گوێڕایەڵ و دڵسۆزی نیشتیمان. ئەڵمانیا پاش سوکایەتی پێکردن و شکستی لە جەنگەکانی ناپلیۆندا ئەم سیستمە

(1)ئەگەر پێتان زەحمەتە بڕوا بەم قسانە بهێنن، ئەوە دەتوانن پەرتووکی (مێژووە شاراوەکانی پەروەردە لە ئەمریکا)ی «جۆن گاتۆو»ی نووسەری ئەمریکی بخوێننەوە.

پەروەردەییەی داهێنا تا ئەوەی دڵنیا ببێتەوە لەوەی کە «هیچ سەربازێکی ئەڵمانی جارێکی تر بێفەرمانی هیچ کام لە فەرمانەکان نەکات».

منیش کیژۆڵەیەکی نۆ ساڵانی موسڵمان بووم کە هەتا تەمەنی هەژدە ساڵی لەو خوێندنگە ئەمریکییانەدا خوێندبووم، پاشا ڕۆشتم بۆ زانکۆی «هارڤارد» کە یەکێکە لە کراوەترین کۆلێژەکانی زانستە ئەدەبییەکان. ئایا هیچ جێی سەرسوڕمانە کە لەم ڕێگەیەدا ببمە شوێنکەوتەی فێڵە لە خشتە بەرەکانی فێمێنیزم؟! لە ڕاستیدا ئەوە جێی سەرسوڕمانە کە نەبم! پۆلی چوار، کە یەکەمین ساڵی خوێندنم بوو لە قوتابخانە حوکمییەکانی ئەمریکا ئاشنابووم بە کلتوری «بابانوئێل». بیرمە، لە پۆلی پێنج بوو دەربارەی جەنگە شۆڕشگێڕییەکانی ئەمریکا و پاڵەوانانی شۆڕشەکەوە فێریان دەکردین، کەسانی وەکوو «جۆرج واشنتۆن» و «تۆماس جیفرسۆن» و هاوبیرەکانیان. لە پۆلی شەشیش باسی دیداری گەڕیدە ئینگلیزەکان و ئەمریکییە ڕەسەنەکانیان بۆ دەکردین، هەروەها مێژووی دروستبوونی جەژنی سوپاسگوزاری و کومبایا. دواتر و لە پۆلی حەوت ڕاپۆرتێکم دەربارە (مێینەیی) نووسی، ئەمەش دەرئەنجامی سەرسامبوونم بوو بەو کەسانەی کە لە وانەی مێژوودا لەبارەیانەوە دەمانخوێند. لەنێو ئەوکەسانەشدا «سوزان بی. ئەنتۆنی»م هەڵبژارد، چونکە وایان فێرکردبووین کە ئافرەتێکی بە جەرگ و بە شکۆیە و «جەنگاوە لە پێناوی مافەکانی ئافرەت» هەوڵیداوە تاکوو «یارمەتیدەری ژنان بێت بۆ ئەوەی ستەمیان لێ نەکرێت».

دە بۆ دوانزە ساڵێک دەبووم کاتێک درکم بە هەموو ئەو درۆیانەکرد کە فریوم پێیان خواردبوو. قوتابخانە حوکمییەکان سیناریۆیەک بوون بۆ شاردنەوەی ڕاستییەکان و نەخشاندنی سیمایەکی جوان بە بەری هەموو شتێکدا. «دامەزرێنەران»[1] کۆمەڵێک تاوانباری لیبراڵی ڕەگەزپەرست بوون

(1) دامەزرێنەران: ئەو سەرکردانەی بەشداربوون لە شۆڕشی سەربەخۆی ئەمریکا و یەکخستنی ویلایەتەکانی.

ASTANA

نەک شۆڕشگێر. گەڕیدە بەریتانییەکان کە لە ئەمریکادا نیشتەجێبوون خەڵکە ڕەسەنەکەیان کۆمەڵکوژ و قڕ دەکرد. «سوزان بی. ئەنتۆنی» و شوێنکەوتوانی پاڵەوان نەبوون، بەڵکوو ئافرەتی پلە بەرزی سپی پێست بوون کە دژایەتی ئافرەتە ڕەشپێستەکان و پیاوان بەگشتی و بەتایبەتیش خودایان دەکرد. ئا ئەمانە پێشەنگی فێمێنیستەکان بوون، یاخییەکی بێباوەڕ و ڕەگەزپەرستێکی پڕ لە ڕق بوون کە خۆیان بە خاوەن ماف دەزانی و خزمەتی بەرژەوەندییەکانی خۆیان دەکرد.

ئا ئەمەیە جیاوازی نێوان «فێرکردن» و «زانین». خوێندنگە حوکمییەکان کارنامەی تایبەت بە خۆیان هەیە، بانگەشەی «فێرکردن» دەکەن، لەکاتێکدا خزمەتکارێکی کەمپەکانی مێشک شۆردنەوەی لیبراڵ، ماددەگەرا، بێباوەڕ، زانستخواز و مێگەراکانن. منداڵەکان دەخرێنە نێو ئامێری خوێندنگە حوکمییەکانەوە، بەڵام بە ئەنجامێکی تری پێچەوانەی «هەموو باوەڕە ڕاستییەکانی» مێشکیانەوە لێی دەردەچن بەشێوازێکی تەواو گونجاو لەگەڵ ویستی ئەواندا. ڕەوا نییە کەسێک بەو سیستەمە ماندوکەرەی «پەروەردە»دا بڕوات تاوەکوو زانیاری بەدەستبهێنێت. دەتوانیت فێری بیرکاری، زانست، خوێندنەوە، نووسین، هونەر و مێژووش ببیت بەبێ تێوەگلان لە فێڵەکانی ئازادیخواز و مێگەراکان.

وا چاوەڕوان دەکرێت کە خوێندنگە حوکمییەکانی ڕۆژئاوا منداڵان فێری بابەتە ئەکادیمییەکانی وەکوو خوێندنەوە و نووسین و ژمارەکاری بکەن، دەتوانین بابەتەکە وەکوو حەوزێکی نەخشێندراوی گەورە وێنا بکەین کە لە بەشێکی بچووکی مێشکی منداڵدا دەچەسپێت، بەڵام ئەم نیگارە نیگارێکی خاوێن نییە: ناتەواوییەکان پیسیان کردووە، تێکەڵی گیراوەیەک بووە و دەرچوون لێی زەحمەتە. ناتەواوییەکانی بێباوەڕی، ئازادیخوازی، زانستخوازی و مێگەرایی. ئەم ناتەواوییانە تێکەڵی بابەتە

ASTANA

«ئەکادیمییەکان» بوون، بەجۆریک هەموو شتەکان لێکئاڵاو و ناتەواوە.

دەبێت «فێرکردن» بکرێت بە ئامراز بۆ گەشتن بە «زانست، پێگەشتن، ژیری، تێگەیشتن و خود ئاگایی». ئەمان لایەنی هەرە گرنگی گەورەبوون و گەشەسەندنن کە لەم شێوازە ئەڵمانییەی سیستەمی پەروەردەی ئەمریکادا نادۆزرێتەوە. «فێرکردن» وەکوو پەروەردەکردن نییە. ئەمە نیشاندەری سەرلێشێواوییەکی تری هەندێک لە خوشکە موسوڵمانەکانە کە بە فێمێنیزم کاریگەردەبن. ئیسلام هانی پەروەردەکردن دەدات! یەکەمین وشە کە لە قورئاندا هاتووە وشە «اقراء»ە! هەر بۆیە گەڕان بەدوای زانست و زانیاریدا بە عیبادەت دەنووسرێت بۆت. ئێمەی موسڵمان هەمیشە لە گرینگی نەک تەنیا «چی» فێردەبین بەڵکوو «کێ»ش فێرمان دەکات تێگەشتووین. خوێندکاران تەنیا ئەو بابەتانە فێرنابن کە لە کتێبەکاندا باسکراوە، بەڵکوو لە تۆنی دەنگ، ڕووالەت، دەستەواژە، ڕەفتار، قسە و هەڵسوکەوتی مامۆستا بەشێوەیەکی گشتی فێردەبن. ئێمە ئایینەکەمان تەنیا لە سەرچاوەی متمانەپێکراوەوە وەردەگرین، هەر بۆیە (ئیسناد)مان زۆر لەلا گرنگە.

ئەمەت لەبیر بێت: «باسەکە ئەوەندە نییە کە «چی» فێربوویت، بەڵکوو «کێ » فێرت دەکات». هەر بۆیە من وەکوو دایک خۆم منداڵەکانم لەماڵەوە فێردەکەم، هەرچەند کچم نییە، بەڵام گەر خودا کچێکم پێ ببەخشێت بەدڵنیاییەوە خۆم فێری دەکەم تا پارێزراوبێت لە ژەهراوی بوون بە فێمێنیست.

خوێندنگە حوکمییەکانی ئەمریکا هەموو جۆرە بابەتێک فێری خوێندکاران دەکەن، بابەتە ئەکادیمییەکان تێکەڵ بە پابەندبوونە ئایدۆلۆجی و بەها بان-سروشتییەکان بوونە، لە نێویشیاندا مێگەرایی و تاکگەرایی و نازانمگەرایی. ئەمانە بەشە ئەکادیمیەکەی سیستمە

ئاڵۆزەکانی خوێندنگەکانن کە پەیوەستە بە فێرکردنە نهێنییەکەی فێمێنیزمەوە. بە ویستی خودا لە بابەتی ئایندەدا باس لایەنی کۆمەڵایەتی سیستمی خوێندنگەکان و کاریگەرییان لەسەر کچان بۆ بە فێمێنیست بوونیان دەکەین.

## بەشی چوار - مێیەتی و لایەنی کۆمەڵایەتی قوتابخانە حوکوومییەکان

### یەکەم: مسوڵمانێک لە خوێندنگەیەکی نا مسوڵمانی دواناوەندیدا

لە خوێندنگە دوا ناوەندییەکاندا، فێرخوازان بەگشتی نیگەرانی یەک شتن: ڕووخساریان! پۆشاک، پێڵاو، ئامرازەکانی جوانکاری و چۆنییەتی دەرکەوتنییان. بەگشتی ئەم ویستە لە نێر و مێیشدا هەیە، بەڵام باسەکە بۆ ئافرەتان ئاڵۆزتر دەبێت، جا لە دانانی قژی دەستکرد و مەیک ئەپەوە بیگرە تا دەگات فاشیۆن و شێوازی پۆشاکەکەی، ئەمەش تەنیا بۆ ئەوەی کە هاوشانی هاوپۆلەکەی بێت. نەمدەزانی کە دەبێت مێیەک و خاوەن کەسایەتییەکی خاکی و بێ فیز بم و «ببم بە نموونەیەکی ئیسلامی»، یاخود مێیەکی ئازاد و بەهێز بم و «ببم بە نموونەیەکی سیکۆلار». ئەم دوو دەستەواژەیە لە هیچ دۆخێکدا هاوتەریب نەبوون. لە خوێندنگە دواناوەندییەکان، سەرجەم کچە جوان و بەرچاوەکان، دڵبەر و جێ سەرنج و ویستراوبوون لەلایەن کوڕانەوە، تەواوی کاتەکانیان لەدەوری خۆشەویستەکانیان دەمانەوە و کاتێکیش لەیەکدی جیادەبوونەوە دەمبینین کە زۆر بەخراپی تێکدەشکان و لەلای هاوڕێکانیان دەگریان، ئەمەش جگە لە بە گێل نیشاندانیان و بێڕێزیکردن بە خۆیان هیچی دی نەبوو.

ڕۆژێکیان، «جەیمس» (ئەستێرەی تیمی زۆرانبازی خوێندنگەکەمان) لە «ڕۆکسان»ی خۆشەویستی جیابووەوە کە (سەرۆکی تیمی سەماکەرەکانی خوێندنگەکە بوو)، حاڵی زۆور تێکچوو. لەوکاتەدا منیش خەریک بووم دەچووم تاوەکوو کتێبەکانم بۆ وانەی داهاتوو بهێنم، «ڕۆکسان»م لەلاوە بینی کە لەگەڵ هاوڕێیەکیدا بە دەنگێکی بەرز دەگریا و دەیووت کە چیتر ژیان لای ئەو هیچ مانایەکی نییە و بێ ئەرزشە چونکە «جەیمس» دڵی شکاندووە و لێی جیابووەتەوە! نەمتوانی بەسەر هەستەکانی ناخمدا زاڵ ببم، بەخۆمم وت: «کە هەرگیز وەها ڕەفتارێکی منداڵانە و شێتگیرانە ئەنجام نادەم، ئەمە وەکوو چوونە نێو پەیوەندییەکە لەگەڵ کوڕێکدا کە وات لێ بکات ئەوەندە شێتگیرانە مامەڵە بکەیت، بە ئیزنی خودا من هەرگیز وەها کارێک ئەنجام نادەم.» پڕ بە دڵ دەمویست کە ئاوڕ بەمەوە و پێی بڵێم: «خۆت کۆبکەوە «ڕۆکسان»، ئەمە چ جۆرە ڕەفتارێکە؟! خەریکیت ئابڕووی خۆت لەکەدار دەکەیت. تۆ پێویستت بە «جەیمس» نییە، خۆت کۆبکەوە و بڕۆ بۆ کلاسەکەت واز لە بیرکردنەوە لە کوڕان بهێنە، گێلە! ژیانت بە ڕۆشتنی پیاوێک دوای نایات، بیبڕەوە و مەگری.»

## دووەم: مێیەتی چییە؟!

ئەگەر ئەو ڕەفتارەی «ڕۆکسان» ئەوەبێت کە پێی دەڵێن «ڕەفتاری کچانە» ئەوا من هەرگیز نامەوێت کچێکی «کچانە» بم. باشترە کە کچێکی «کوڕانە»بم کە ڕێز لە خۆی و کەسایەتی دەگرێت نەک ببم بەو کچانەی کە لەکە لە ئابڕووی خۆیان دەدەن. هەروەها ئەو کچە کچانانەش کە هەمیشە، ڕوخساریان بە مەیک ئەپ داپۆشراوە و قژ و نینۆکی نامۆیان داناوە و پۆشاکێکی ناپۆشتەشیان پۆشیووە. هەندێک کات شتی زۆر بێ بایەخ و نائاسایی دەپۆشن، وەکوو پێڵاوی پاژنە بەرز بەجۆرێک کە

ASTANA

خەریکە بەلادا بکەون و ڕۆشتن پێوەی زۆر مەترسیدارە، و تەنورەی زۆر کورت تەنانەت لەو کەشووهەوا بەفراوی و ساردەی نیوجێرسیدا، هەروەها برژانگی دەستکرد کە زۆر گاڵتەجاڕانە و ساختەییانە دەریان دەخات. ئەم جۆرە کچانە تەواوی وزەیان لە نمایشکردن و بەهەدەردانی سامانیان بەفیرۆدا تاکوو خۆیان دەرخەن لە نێو کۆمەڵگە و خۆبەگەورەزان بن. ئەنجامدانی کاری لەم جۆرە تا بڵێیت گەمژانە بوو لەلام. ڕاشکاو بم، ئەم جۆرە کچانە جوان بوون بەڵام ئەم جوانییە لە کەم ئەقڵی و گێلییانی کەم نەکردبووەوە.

دەستم کرد بە دروستکردنی گریمانەی هەڵە کە گوایە ئەمە ڕووی ڕاستی مێینەیە، ئەم خۆ دەرخستن و درامایە بەم شێوە ناوازە و زیرەکانەیە ئیشی ئافرەت نەبێت چییە؟ ئەمەش بە بیرکردنەوەی تەمەنی هەرزەکاریم مێیەتی واتا لاوازی و نامەنتقی و نائاقڵانی بوون. نەمدەویست ببم بە هیچکام لەو شتانە. وەکو کچە مسوڵمانێکی قوتابخانە دوا ناوەندییەکان، هەستم کرد کە ناتوانم شوێن ئەو نموونانەی مێیەتی بکەوم، باشترە کە تەنانەت هەوڵیش نەدەم کچانە دەرکەوم، لای من مێیەکی کچانە واتا گێل، لەشفرۆش و ناپۆشتە. باشترە کە پانتۆڵێکی پان و قەمیسێکی گەورە و حیجابەکەم بپۆشم کە زۆر کوڕانەتر دەرمدەخات. ئاوا بێ فیزانەیە بەڵام شکڵێکی پیاوانەشە. ڕوون بوو کە مێیەتی و بێ فیزی پێکەوە هەڵناکەن!

دەمزانی کە لە میسر، زۆرینەی ئافرەتان باڵاپۆشن، خیمار و عەبای درێژ و پان دەپۆشن، بەڵام نەمدەزانی کە چۆن ئەو وێنایە لە میسرەوە بگوێزمەوە بۆ قوتابخانەیەکی دواناوەندی ئەمریکی نامۆ بە ئیسلام! شوێنێک کە پۆشینی پۆشاکی جیاواز و دەگمەن واتای ئەوە بوو کە زۆر بوێریت. بەمجۆرە بۆشاییەک دروست بوو، ئەویش ئەوە بوو کە هەموو ئەوەی درکم پێ دەکرد ئەوە بوو کە نەمدەویست ببم بە مێیەکی لاوازی

ASTANA

کچانە. بەڵام نەمدەزانی کە پێویستە ئارەزووی چی بکەم؟! نەمدەزانی کە کرۆکی مێیەتی چییە؟! هەموو ئەوەی درکم پێ دەکرد ئەوە بوو کە ئاستێکی باڵای خۆ بەگەورەزانینە. هیچ شتێکی بەهێزم نەبوو کە لە پاڵیدا کەسایەتیم بنیادبنێم، وەکوو ئافرەتێکی گەنجی مسوڵمان کە بە تەواوی بوونییەوە دەستی بە خاکی بوونەوە گرتووە.

بەرەو فێمێنیزم.

## بەشی پێنج - خاڵی تێکشکان

بەتەواوی بیرم نییە یەکەمجار کەی بوو کە گوێبیستی وشەی «فێمێنیست» بووم یاخود زانیم کە ئافرەتێکی فێمێنیست چۆنە، چونکە ئیدی فێمێنیزیم لە هەموو شوێنێکە کە بۆی دەڕۆیت، لە هەموو جێگەیەک دەیبینیت و هەستی پێدەکەیت. کۆمەڵگەی ئەمریکی کەوتبووە نێو داوی فێمێنیزمەوە، چونکە فێمێنیزم تۆوێکی چێندراوی لیبرالیزم و سیکۆلاریزمە، و زۆر بە توندی گرێدرابوو بە تاکگەرای و سەربەخۆییەوە. بیرمە کە ساڵی یەکەمی خوێندنم بوو لە خوێندنگە دواناوەندییەکەم، گۆرانییەکانی (چارەنوسی منداڵەکە و ئافرەتی سەربەخۆ) بەردەوام لە ڕادیۆ لێ دەدرانەوە، تەواوی ساڵەکە هەموو ڕۆژێک گوێبیستی دەبووم، تەنانەت لەو کافێیەش کە دوای خوێندنم کارم تێدا دەکرد:

“Question, tell me what you think about me

I buy my own diamonds and I buy my own rings

Only ring your celly when I’m feelin’ lonely

When it’s all over please get up and leave.

Question, tell me how you feel about this

Try to control me, boy, you get dismissed

Pay my own fun, oh, and I pay my own bills

Always fifty fifty in relationships

The shoes on my feet, I've bought it

The clothes I'm wearing, I've bought it

The rock I'm rockin', I've bought it

'Cause I depend on me if I want it...I depend on me

If you're gonna brag make sure it's your money you flaunt

Depend on no one else to give you what you want..."

ASTANA

وەها بیرۆکەگەلێکی بێزراو و ژەهراوی، کە لە نوسراوەکانی فێمێنیزمەوە سەرچاوەیان گرتبوو، هێندەیتر مێشکیان ژەهراوی کردم. «خۆم پارەیی پێداویستییەکانی خۆم دەدەم»، «پشت بە هیچ کەس نابەستم لە بەخشینی ئەوەی کە دەمەوێت ببیەخشم»، «ڕێگە نادەم هیچ پیاوێک کۆنترۆڵم بکات، چونکە کۆنترۆڵکردنم ویستی پیاوانە» ئەمانە لە دروشمە پیرۆزەکانی مێینە ئازاد و سەربەخۆکان بوون، کەوایە ببە بە ئافرەتێکی بەهێز و سەربەخۆ، تاوەکوو دەتوانیت باشتر و بەتواناتربە و تا دەکرێت دوورەپەرێزبە لە پیاوانەوە. زۆر پیاوانە ڕەفتار بکە. دروستە گەر بڵێم کەیفم بەو بیرۆکە باوە دەهات کە مێیەتی بە لاوازی و پیاوەتیشی بە هێزەوە پەیوەست دەکرد. بۆیەش کەمتر گرینگیم بە مێ بوونم دەدا و هەوڵم دەدا پەرە بە «هێزم» بدەم.

بەردەوام مەشق و ڕاهێنانم دەکرد لەماڵەوە، لە خوێندنگەش خەریکی یاری تۆپی پێ بووم، ساڵی یەکەمی زانکۆشم هەوڵی یاری بۆکسێنم دەدا (لەگەڵ ئەوەی هیچ حەزم لێی نەدەکرد). زۆر وریایانە هەر نیشانەیەکی

ئەو لاوازیەمم دەشاردەوە کە سەرچاوەکەی (منّ بوونم بوو) لە پشت پەردەی «بەتوانایی و سەربەخۆییەوە».

هاوڕێکانی ساڵی یەکەمی زانکۆم هەموویان وەکوو کچێکی بێ هەستی کوڕئاسا دەیان بینیم، کچێک  کە پێی وایە «پیاوان****» ، وەک کچێک کە وەرزش دەکات و هەرگیز پۆشاکی پەمەی و درەوشاوە ناپۆشێت. لە لای کچە هاوڕێکانم دەمووت کە فێمێنست خوازم، هەر خۆی ئەوانیش درکیان بەوە کردبوو. لەگەڵ ئەوەی ئەمە بەشێک بوو لە من، بەڵام زۆر وریایانە لە کونجێکی ناخمدا لە چاوی هەمووانم شاردبووەوە، هاوشێوەی شتێک کە زۆر لەبارەیەوە نیگەران بیت و وای بە پێویست بزانیت کە نهێنی بێت. ئەوە سروشتی مێیەتی بوو کە نەیدەویست بەردەوام سەربەخۆ و بەتوانا و بێ هەست دەربکەویت، بەشە لاواز (مێینە)کەی فیترەم بوو کە دەیویست خێزانی خۆم و هاوسەرێک کە خۆشبوێم و چەند منداڵێکم هەبێت کە پەروەردەیان بکەم، بەڵام لەو گفتوگۆیانەم کە شەوانە لە بەشە ناوخۆی لەگەڵ هاوڕێ مسوڵمانەکەم دەمکرد کە تیایدا کچەکان گاڵتەیان بە هاوسەرگیری دەهات، زیاتر توندگیریان کردم لەسەر ئەو باوەڕەی کە هیچکات نەمەوێت هاوسەرگیری بکەم.

یەکێک لە هاوڕێ مسوڵمانەکانی زانکۆم، کە زۆر لە من کوڕانەتر بوو ڕۆژێک بەڵێنی ئەوەمان بە یەکدی دا کە هیچکات هاوسەرگیری نەکەین. کێ پێویستی بە پیاو هەیە؟! بەم پێیەش ساڵانێک هەوڵم دەدا کە تا دەکرێت بەتوانا و پیاوانە بم، بەڵام ئەم کارەم سەرلێشێواو و ئاڵۆزتری کردم. من پێچەوانەی سروشتم ڕەفتارم دەکرد، ویستەکانمم کپ دەکرد. خەریک بووم لە دژی فیترەتم دەجەنگام.

بیرمە لە وەرزی پایزی قۆناغی یەکەمی زانکۆمدا کچێک ئیمێڵێکی نارد بۆ گروپەکە و ئاگاداریکردینەوە لەوەی کە فرۆشگای (H&M) مۆدە (کە

فرۆشگایەکی فرۆشتنی ملپێچ بوو نزیک گۆڕەپانی هاردڤارد) داشکاندنێکی گەورەی بۆ ملپێچەکانی کردووە، کە زۆر جار کچە مسوڵمانەکان وەکو سەرپۆش بەکارمان دەهێنا، جا ڕەنگی زۆر جوان و درەوشاوەی تێدا بوو، هەندێکیشیان گوڵینگی زۆۆر جوانی پێوەبوو. کچەکە زۆر بە پەرۆشەوە لە ئیمێڵەکەدیدا وەسفیکرد، من ئەو ئیمێڵەم وەکوو سوکایەتی و بە کەم بینینێکی کەسی خوێندەوە و زۆر بە خێرای نابەرپرسانەش وەڵامم دایەوە کە تەنانەت بیرکردنەوە لێشی شەرمەزارم دەکات. نووسیم: «باشە، چی ئەگەر کچێک نەیەوێت سەرپۆشێکی درەوشاوە و گوڵینگدار لە سەر بکات؟!» قسەی زۆر نەگونجاو و ناپێویستی لەو جۆرە، قسەگەلێکی زۆر دوور لە کەسایەتی منەوە. من ئیمەیڵەکەیم بەو جۆرە وەرگرت و زۆر پەستی کردم، تا ئەو ڕادەیەش هەستیار بووم و پێشم نەزانیبوو! دەبوو حەزم لە ڕۆشتن بۆ ئەوێ کردبا و ڕەنگە گەر ڕۆشتبام سەرپۆشێکی جوانم کڕیبا، بەڵام هەستم کرد کە نابێت بچم، ئەسڵەن ناتوانم بچم. بە پێویستم زانی لەسەر ئەو ڕەفتارانەم بەردەوام بم، هەستە مێینەکانم بشارمەوە. دەی خۆ ناکرێت لاوازییەکانم نیشان بدەم، دەبێت بەتوانا دەرکەوم نەک گێل و کچانە ڕەفتار بم.

لە لایەکی تریشەوە ئەو کچە زۆر بە ئاشکرا دەربارەی ئەو شتانە دەدوا! ئەرێ هەست ناکات کە کچ بوون تا ئەو ئاستە، خراپە؟ ئەرێ خەریکی چییە؟ ئێمە ڕێگە بە کچ بوونمان نادەین جا گرینگ نییە لە ناخەوە چەندە هیوای پێ بخوازین. دەبێت پشت لە لایەنە مێیەتییەکەمان بکەین. لەو حاڵەتە نەمدەزانی کە تەنانەت ئەوە چ شتێکە ئەوەندە مێیەتیم لەلا نەویستراو دەکات. کۆمەڵگەیە؟ ئیسلامە؟ یاخود هەردووکیانە؟ ئەوکات پێموابوو کە دەشێت هەردووکیان بێت. نەریتەکانی کۆمەڵگەی مسری و ئەمریکی لەلایەک و ئیسلامیش لە لایەکی ترەوە، مێیەتی قەدەغەیە! نیشاندانی هەر ئاماژەیەکی مێیەتی قەدەغەیە، بۆیە منیش لە خۆمی

ASTANA

قەدەغە دەکەم.

ڕووداوێکی تری قۆناغی یەکەمم بیرە کە لە خولێکی فێربوونی زمانی عەرەبی بووم ڕۆژێک درەنگ تەواو بووین، نزیک هەشت بۆ نۆی شەو دەبوو، دنیا تاریک بوو. فێرخوازەکان شوێنەکەیان جێهێشت و هەرکەسەو بەرەو ژوورەکەی خۆی ڕۆیشت، برایەک کە لەو ناوە پیاسەی دەکرد ئێمەی بینی کە شوێنی مانەوەمان دووربوو لە فێرگەکەوە و پێویستی دەکرد کە ڕێگەیەکی درێژ ببڕین بۆ گەشتن بە شوێنی مانەوەمان، گەیشت پێمان و ئاوڕیدایەوە، پرسیاری کرد کە «خوشکەکانم پێویستتان بەوە هەیە کەسێک لە دواتانەوە چاودێریتان بکات؟» زۆر میهرەبانانە پێشنیاری ئەوەی بۆ کردین کە لە دوای ئێمەوە بێت و چاودێریمان بکات تاوەکوو بەو شەوە درەنگە بەتەنیا بە نێو ئەو خوێندکارە مەست و پیاوە نامۆ و بێلانانەدا تێنەپەڕین. شوێنەکە زۆر ناسەلامەت و ناپارێزراو بوو، ئەوەش پێشنیارێکی زۆر مەردانە و جوامێرانە بوو. منیش یەکسەر هەڵچووم و نەمتوانی تووڕەییەکەم کۆنترۆڵ بکەم، چونکە وەکوو سوکایەتیکەت بوو بە کەسایەتیم. چۆن بوێری ئەوەی هەیە کە ئەوەندە ڕاشکاوانە بە لاواز و بێتوانا و بێدەسەڵاتم ببینێت؟! چۆن بوێری ئەوەی هەیە ئەوەندە ڕاشکاوانە بڵێت کە من پێویستم بە پارێزگاری لێ کردنە، تاوەکوو لەو پیاوانە پارێزراوبم! ئەو زۆر بە ئاشکرا دەڵێت من لاوازم و ئەو بەهێزە، و پێویستم بەو هەیە یارمەتیم بدات! من پێویستم بە پیاوێک نییە یارمەتیم بدات، ئەگەر بە پێشنیارەکەی ڕازیبم، ئەوا جەنگەکەم دۆڕاندووە و بە دۆڕانەکەش قایل بووم! خۆم دانم بە شکست و لاوازی خۆمدا ناوە و بە بێ پشت بەستن بەوانی دی هیچم لە دەست نایات. بەم جۆرەش کچێکی دەستەپاچە و بێدەسەڵات و ژێردەستە دەبم، بێکەڵک و گەمژە ڕێک هاوشێوەی ئەو کچانەی کە ڕۆژانە لە خوێندنگە دەمبینین، بۆیە نەخێر سوپاس پێویستم بە یارمەتت نییە. زۆر ساردوسڕانە پێشنیارەکەیم ڕەتکردەوە و بێباکانە

و بەو پەڕی توڕەییەوە بەرەو ماڵ ڕۆشتمەوە. هەستم بە سەرلێشێواوی و پەلەپەل دەکرد، باشە بۆچی ئەوەندە گەوجانە ڕەفتارم کرد؟! باشە بۆچی ئەو یارمەتییەم ڕەتکردەوە کە بەوپەڕی دڵسۆزی و میهرەبانییەوە پێشنیار کرابوو؟! من کەسێکی زۆر نیان ڕەفتارم کە زۆر بەدەگمەن توڕە و وەڕەس دەبم، باشە بۆچی یەکسەر توڕەبووم؟! ئەی ئەوە میهرەبانانە نییە کەسێک بە هەمان ڕێگەی تۆ لە شەوێکی تاریکدا ڕێ بکات تاوەکوو لەو مەترسییانە بتپارێزێت کە ئەگەری پێشهاتنیان زۆرە؟! بەو جۆرە پارێزراوتر دەبیت، مەگەر نا؟! ئافرەتان هەمیشە ڕووبەڕووی تانە و توانج دەبنەوە لەو شەقامانە! بۆچی هەستی خۆبەزلزانینم زۆر لە سەلامەتیم لەلام گرینگترە؟! ئایا دڵنیابوونەوە لەوەی کە هیچ کات لەلایەن پیاوێکەوە پارێزگاریم لێنەکراوە لە سەلامەتیم گرینگترە لەلام؟ بۆچی شاردنەوەی بێدەسەڵاتیم ئەوەندە لەلام گرینگە؟ لە خۆم تێنەدەگەشتم، هەموو شت زۆر ئاڵۆز بوو.

زۆر هەستم بە سەرلێشێواوی و گێژی و ونبوون دەکرد. هەستم بە شێواوی خۆم دەکرد بەڵام نەمدەتوانی خۆم لەو پەرتەوازەییە ڕزگار بکەم، هیچ شتێکم نەبوو دەستی پێوە بگرم. نەمدەزانی کە بۆچی پیاوان و ئافرەتان زۆر لە یەکدی جودان، و بۆچی خانم بوون ئەوەندە شتێکی خراپ و نەویستراوە، یان ئەسڵەن بۆچی من شەرم لە مێیەتیم دەکەم بەڕادەیەک کە دەیشارمەوە بۆ دەربازبوون لێی؟! ئایا ئافرەتان تەنیا فێرژنێکی خراپی پیاوانن و بەس؟! ئایا پیاوان بەرهەمە ئەسڵییەکەن و ئافرەتان لەبەرگیراوە ساختەکەن؟! ئایا ئافرەتان لەبەرگیراوەیەکی بێزراوی پیاوانن؟! ئایا ئافرەتان لە ئاستێکی خوارتری پیاوانەوە بوون؟! گەر بەو جۆرەیە، بۆچی خودا دروستی کردین تاوەکوو بەو جۆرە بین؟! بۆچی ناکرێت هەموومان شێوە ئەسڵی و خەوش و بەهێزەکە بین، پیاوێکی بەتوانا و لێهاتوو بین؟ شەوێک کە ئەم بیرە ئاڵۆزانە بەرۆکی مێشکیان

گرتم، ناخودئاگایانە قورئانەکەم هەڵگرت، بەو ئومێدەی ئاشنایەتییەکەی ئەو پەژارە و پەرتییەی مێشکم داڵدە بدات و چارەسەری بکات. سوپاس بۆ خودا! بەرەو وەڵامەکە ڕێنوێنی کردم.

تەنها ئایەتێکی قورئان.

ASTANA

ASTANA

# بەشی شەش- ڕێنوێنی قورئان

گەیشتن بەوپەڕی ماندوویەتی! زۆر ماندووبووم لەوەی وا لە ژیان بڕوانم کە بریتییە لە کێبڕکێیەکی دوانەهاتووی نێوان نێر و مێ! ماندووبووم لە پێویستییەتی بەراوردکردنم بە پیاوان و بەرهەڵستی کردنیان تاکوو توانام بۆ خۆم و ئەوانی تریش بسەلمێنم. زۆر ماندووبووم لە هەوڵدان بۆ بردنەوەی ئەو جەنگەی کە لەمێژە دۆڕاندوومە. من جەنگاوەری جەنگێکی دۆڕاوبووم و ئەوەش هێندەی تر هێز لێ بڕاوی دەکردم، نەشم دەزانی چۆن لێی دەرچم!

زانکۆ یەکەم شوێن بوو کە لە ماڵ دووریخستمەوە، هەوڵی دۆزینەوەی ڕێگەیەکم دەدا تاوەکوو بەبێ خێزانەکەم زەمینەیەکی لەبار بۆ خۆم بسازێنم. هەرکاتێکیش هەستم بە نادڵنیایی و نیگەرانی دەکرد سروشتییەن بە شتێکی ئاشنا دەگەشتم. الحمدلله، قورئان بەشێکی هەرە گرینکی ساڵانی پێگەیشتنم بوو، هەروەها خوێندنەوەی ئاسوودەی دەکرم. ڕۆژێک لە ژورەکەم لە بەشەناوخۆیی، قورئانەکەمم دەرهێنا و دەستم کرد بە خوێندنەوەی، هەمان کێشە کۆنەکەی کێبڕکێی نێوان نێر و مێ لەمێشکمدا مابوو. نا خودئاگایانە قورئانەکەم کردەوە و چاوم کەوتە سەر ئایەتی (چل و هەشتی) سورەتی (المائدە):

{وَأَنزَلْنَآ إِلَيْكَ ٱلْكِتَـٰبَ بِٱلْحَقِّ مُصَدِّقًا لِّمَا بَيْنَ يَدَيْهِ مِنَ ٱلْكِتَـٰبِ وَمُهَيْمِنًا عَلَيْهِ ۖ فَٱحْكُم بَيْنَهُم بِمَآ أَنزَلَ ٱللَّهُ ۖ وَلَا تَتَّبِعْ أَهْوَآءَهُمْ عَمَّا جَآءَكَ مِنَ ٱلْحَقِّ ۚ لِكُلٍّ جَعَلْنَا مِنكُمْ شِرْعَةً وَمِنْهَاجًا ۚ وَلَوْ شَآءَ ٱللَّهُ لَجَعَلَكُمْ أُمَّةً وَٰحِدَةً وَلَـٰكِن لِّيَبْلُوَكُمْ فِى مَآ ءَاتَىٰكُمْ ۖ فَٱسْتَبِقُوا۟ ٱلْخَيْرَٰتِ ۚ إِلَى ٱللَّهِ مَرْجِعُكُمْ جَمِيعًا فَيُنَبِّئُكُم بِمَا كُنتُمْ فِيهِ تَخْتَلِفُونَ} [المائدة-٤٨]

واتا: «ئێمە قورئانمان هاوڕێ لەگەڵ هەموو حەقیقەت و ڕاستییەکدا بۆ تۆ دابەزاندووە، ڕاستی و دروستی کتێبەکانی پێش خۆشی دیاری دەکات و چاودێرە بەسەر هەموویاندا، بەو بەرنامەیەی خودا ناردوویەتی دادوەریی بکە لە نێوانیاندا و شوێن ئارەزووەکانیان مەکەوە و لەو ڕاستییە لامەدە کە بۆت ڕەوانە کراوە. بۆ هەر لایەکتان بەرنامە و پرۆگرامی تایبەتمان بڕیارداوە خۆ ئەگەر خودا ویستی لەسەربا هەر هەمووتانی دەکرد بە یەک ئوممەت و گەلێکی یەک پارچە، بەڵام ویستی وایە بەو جیاوازییە تاقیتان بکاتەوە لەوەی پێی بەخشیون (تا بەهۆی عەقڵ و ژیریتانەوە شوێنی پێغەمبەری ئیسلام بکەون). دەی کەواتە زۆر بەپەلەین و پێشبڕکێ بکەن بۆ هەموو خێر و چاکەیەک، دڵنیاش بن کە هەمووتان دەگەڕێنەوە بۆ لای خودا، ئەو کاتە هەواڵی تەواوتان پێ دەدات دەربارەی ئەو شتانەی کە کێشەتان لەسەری هەبوو.»

ئەم ئایەتە دەربارەی جیاوازی ڕەگەزی نییە، بەڵکو دەربارەی ئەوانەیە کە خاوەن ئایینی جودان، لەگەڵ ئەوەشدا کاتێک ئەو شەوە ئەو ئایەتەم خوێندەوە لەگەڵ خودی خۆم لە جەنگدا بووم تاکوو هەست بە زەحمەتییەکانی مێ بوونم بکەم، هەرچەند هەموو هەوڵی خۆم دابوو تائەوەی وەکوو نێرێک ڕەفتار بکەم. لەپڕ شتێک بە مێشکمدا هات، کە گەورەترین شۆک بوو لە ماوەی هەژدە ساڵی تەمەنمدا! دێڕ بە دێڕی ئەم سوڕەتەم خۆش دەوێت، بەش بە بەشی ئەم سوڕەتە مانایەکی قوڵی هەیە، بایەخێک کە پێشتر درکم پێ نەکردبوو سەرباری ئەوەی کە پێشتریش هەمان بەشم خوێندبووەوە. کۆمەڵە وانە و چارەسەرگەلێک لەلام گەڵاڵەبوون کە پێشتر هیچکات درکم پێیان نەکردبوو:

**یەکەم:** چۆن داوەری بکەم لەنێوان شتەکاندا؟!

دوو ڕێگەی داوەریکردن هەیە لە نێوان هەر شتێک دا: یان بە پشت بەستن بەو قورئانەی کە لەلایەن خوداوە بۆمان نێردراوە، یانیش بە پشت بەستن بە حەز و ئارەزووە بێ بنەماکانی مرۆڤ. بەشی یەکەمی ئایەتەکە جیاوازیکردنێکی ڕاستەوخۆیە لە نێوان دوو شت: الحق (ڕاستی) لەگەڵ أهواء (ئارەزوو). خودا زۆر بەڕوونی پێمان دەفەرمووێت کە کامیان هەڵبژێرین: (ڕاستی) هەروەکوو ئاماژەی پێدەدات.

**دووەم:** بیرکردنەوەیەکی ژیرانە یان بڕیارێکی گەمژانە!

لە دوو دێڕی یەکەمی ئایەتەکەدا، خودا بە دوو شت فەرمانمان پێ دەکات، یەکێکییان ئەرێنییە و یەکێکیشیان نەرێنیی. یەکەمییان «داوەریکردن»ە و دووەمیشییان «شوێن نەکەوتنی ئارەزووەکانیان»ە. وا تێگەشتم، مەبەست ئەوە بێت کە دوو ڕێگە هەیە بۆ چارەسەرکردنی هەر کێشەک و چۆنییەتی مامەڵەکردنم لەگەڵیدا: یەکێکیان بڕیارێکی ژیرانە بێت، تاوەکوو داوەرانە دەرکەوێت، یەکێکی تریشیان شوێنکەوتنێکی کوێرانەی بیر و ڕەفتاری ئەوانی دی بێت.

ڕوون بوو کە من دووەمیان جێبەجێ دەکەم! کوێرانە شوێن ئارەزوو و فەرمانی کۆمەڵەیەک کەوتبووم کە ئاڕاستەکەری بیرکردنەوە، شێوازی پۆشینی جل و بەرگ، ڕەفتار و بونیاتم بوون. چەندین ساڵ بە ئەقڵییەتی «پیاو خراپە و ئافرەت فریشتەیە» ئازاری خۆم دەدا. لەگەڵ ئەوەی ئەم ئەقڵییەتە، ئەقڵییەتی ڕەسەنی خۆم نەبوو، بەڵکوو بەهۆی ڕێگەپێدانی خۆمەوە ئەو بیرۆکە ژەهراوییە تێکەڵ بە ئەقڵییەتم بووبوو!

**سێیەم:** جیاوازییە بەمەبەست دروستکراوەکان

دواتر خودا دەفەرموویت: «بۆ هەر لایەکتان بەرنامە و پرۆگرامی تایبەتمان بڕیارداوە» هەمیشە پێموابوو کە ئافرەتان ڕوویەکی لاوازتر و خراپتری پیاوانن، ئێمە لەبەرگیراوەیەکی خراپی پیاوانین. پیاوان لە ئاستێکی باڵادان و ئافرەتانیش بەجۆرێک کەم ئەهێنن لە ئاستی ئەو ستانداردە باڵایەدا. پیاوان بەرهەمێکی سەرەکی بوون و ئافرەتانیش بەرهەمێکی پەراوێزخراو و بێکەڵکن، بەڵام کاتێک ئەم دەقەی قورئانم خوێندەوە، بۆم دەرکەوت کە هەموو ئەو بیرۆکانە هەڵەن. خودا باشترین دروستکارە و پیاوان و ئافرەتانیش لە یەکدی جودان، هیچ کامیان لەبەرگیراوەیەکی باش یاخود خراپی یەکدی نین، بەڵکوو دوو دروستکراوی تەواو جودان. پیاو و ئافرەت دوو دروستکراوی لێک جودای دروستکارن. دروستبوونیشیان مەبەست و ئامانجێکی لە پشتە، دوو بەرهەمی جوداش دروستکراون کە هەردووک بەشێوازی تایبەت بەخۆیان بەرنامەڕێژکراون و هەریەک تایبەتمەندی تایبەت بە خۆیان هەیە.

**چوارەم:** لەپای چی؟! هەبوونی ئەم جیاوازییانە بەخاتری چی؟!

لە بەشی دواتری ئایەتەکەدا خودا دەفەرموویت: «ئەگەر خودا ویستی لەسەربا هەر هەمووتانی دەکرد بە یەک ئومەت و گەلێکی یەک پارچە»، دەکرا هەموو گرۆی ئادەمیزاد پیاوان بن، یاخود هەموو ئافرەت بن، یاخوود دروستکراوی تر بن، دروستکراوی بێ ڕەگەز بن، بەڵام ویستی خودا بەوجۆرە نەبوو، بۆچی ویستی خودا بەوجۆرە نەبوو؟! وەڵامەکە لەبەشی دواتری ئایەتەکەدا هەیە

**پێنجەم:** هۆکاری جیاکارییەکان!

«بەڵام ویستی وایە بەو جیاوازیە تاقیتان بکاتەوە، لەوەی پێی بەخشیوون.» ئەمە دڵخوازترین بەشی ئەم ئایەتەبوو لەلای من، ئەو بەشەی کە لەپڕ گەڕاندمییەوە بۆ ئاستێکی باڵای ئاسوودەی و تێگەشتووی. هەموو ئەمانە تاقیکردنەوەن و هەموو مرۆڤێکیش تاقیدەکرێتەوە. ئێرە شوێنی تاقیکردنەوەتانە، هیچ کەسێکیش لە زەحمەتی ئەم تاقیکردنەوە و لێپێچینەوەیە دەربازی نابێت، هەموو ئەوەی بەسەرمان دێت، تەنانەت ئەوەشی کە ویستمان لەسەرییەتی و بۆمان پێشنایات تاقیکردنەوەی خوداییە. لانیکەم من پاش درککردنم بەوەی کە تاقیدەکرێمەوە باشتر دەتوانم لەگەڵ بارووددۆخەکاندا مامەڵە بکەم، هەر زوو هەست بە باشی و ئاسودەیی دەکەم، چونکە هەموو ئەمانە تەنیا تاقیکردنەوەیەکە و تێدەپەڕێت.

**شەشەم:** چۆن لەم تاقیکردنەوەیە سەرکەوتوو بم؟!

پاش ئەوەی بەئاگا هاتمەوە کە لە تاقیکردنەوەدام، پرسیاری داهاتووم ئەوە بوو کە چۆن لەم تاقیکردنەوەیە سەرکەوتووبم؟! وەڵامی خودا بەمجۆرە بوو: «دەی کەواتە زۆر بەپەلەبن و پێشبڕکێ بکەن بۆ هەموو خێر و چاکەیەک». کردەوەی چاکە ئەنجام بدەن! هەر ئەوەندە بە سادەیی، وەڵامێکی دەسەوستانکەر و قەناعەت پێهێنەر، ئەوەندە ڕوون کە ئەشێت سەرلێشێوێنەر بێت! ڕێک پێچەوانەی ئەو بیرە پۆخڵەوات و ئاڵۆزانەی کە ساڵانێک مێشکی خۆم پێوە سەرقاڵ کردبوو. ئەو بیرۆکە هەڵانەی کە وەڵامەکەی بەرهەڵستی کردنی پیاوان و گورزلێدانیانە، تاوەکوو لەوان باشتر، گەورەتر، بەهێزتر، بەتواناتر و خۆڕاگرتربن! هەرکارێک کە ئەوان دەتوانن ئەنجامی بدەن، ئێوە باشتر لەوان بەئەنجامی بگەیەنن.

ASTANA

هەرەسهێنان بە مێیەتیم و کپکردنەوەی هەستەکانم خیانەت نەکردنە لە ئافرەتبوونم، نەک لەبەرئەوەی دەمەوێت بەوجۆرە بم، بەڵکوو لەبەر ئەوەی مەحکوم بە سەلماندنی بەها و پێگەم بووم لەبەرانبەر پیاواندا تاکوو هاوتای ئەوان بم. بەڕاستی ئەو خۆسەلماندنە کارێکی وەڕەسکەر، دوانەهاتوو، مەحاڵ و بێهودە بوو.

ئەوەی سەرسوڕهێنەرە بریتییە لە سادەیی وەڵامەکە! واز لە سەرنج خستنە سەر پیاوان بهێنە، ئارەزووی بەرهەڵستی کردنیان و سەلماندنی هێزت لە بەرانبەریاندا نەبێت، لەبیریبکە و بەس. لەبری ئەوە سەرنجت لەسەر خۆت و ئەرکەکانی خۆت بێت، کردەوەی چاکە ئەنجام بدە، ئا ئەوەیە ئازادبوون. ئیتر کە ئەو کارانەم ئەنجامدا ئەو قورساییەی پێشوو لەسەر سینەم نەما، توانیم جارێکی دی بە هەستی هەناسەدان شاد ببمەوە. ئەو بارگرانییەش کە شانەکانی شەکەت کردبووم، لە هەوادا بەهەڵم بوو!

**حەوتەم:** کۆتایی...

«هەمووتان دەگەڕێنەوە بۆ لای خودا، ئەو کات هەواڵی تەواوتان پێدەدات دەربارەی ئەو شتانەی کەکێشەتان لەسەری هەبوو.»

دووبارە! ئەم ڕستەیە بوو بە حەوانەوەیەکی بێ شومار بۆ دڵ و دەروونم. کاتێک کەسێک بە تاقیکردنەوەیەکدا تێپەڕ دەبێت، لە کۆتایی تاقیکردنەوەکەیدا هەم بە ئەنجام و هەمیش بە وەڵامی پرسیارە دوانەهاتووەکانی شاد دەبێت. بەم پێیەش لەکاتی گەڕانەوەمان بۆ لای خودای مەزن و پایەدار، وەڵامی تەواوی پرسیارەکانمان پێ دەداتەوە و بەرچاوڕوونیشمان دەکات لە هۆکارەکانی جیاوازبوونمان.

چ ئەقڵییەتێکی ژیرانەیە؟! دیسان لێرەشدا سەرنجەکە لەسەر خودا و

ASTANA

پەیوەندیمە لەگەڵ ئەودا، نەک سەرنج و پەیوەندیم لەگەڵ مرۆڤێک لە ڕەگەزی بەرانبەردا. چی دی پیاوان لەو وێنە دارێژراوەی مێشکمدا نەبوون کە هەمیشە دەبوو وەکوو بەشێک لە کێشەکە هەبن، بەڵکوو تەواوی پرۆسەکە دەربارەی خۆم و خودام بوو، دەربارەی ئەو کردەوە چاکانەم بوو کە دەبوو بەر لە گەڕانەوەم بۆ حزووری پەروەرێنم ئەنجامیان بدەم.

لە کۆتاییدا، کۆتا وشەی ئەم ئایەتە {تَخْتَلِفُونَ} ، «جیاوازبوون»، ملکەچ بوونێکی تری ویستەکانم بوو بۆ جیاوازییەکان. جودابوونەکان هاوتای سەرجەم شتەکانی تر بەوجۆرە بوون کە دەبوو ببن. منیش گەڕامەوە بۆ فیترەتم، بوومەوە بەو کەسەی کە دەبوو ببم! چی تر هیچ شتێک لە ئارادا نییە کە پێویست بە نیگەرانی و خەم لێ خواردن و نادڵنیاییم بکات. دەشێت خود پێوانە بکەم بەخاتری ئەوانی دی؟! پێویستە چی و بۆ کێی بسەلمێنم؟!

[سورەتی المائیدە، ئایەتی ٤٨] نە ئەم ئایەتە جوانە لەبیر دەکەم و نە ئەو کاریگەرییە قەشەنگەش کە لەسەرم جێی هێشت. کاریگەرییەک کە برست لێبڕاوی کردم، دەبوو چەند جارێک ئەم ئایەتە بخوێنمەوە، پاشان قورئانەکە دابخەم لە کاتێکدا پەنجەم لەسەر پەڕەکەیە، بەمجۆرە دەتوانم هەموو بەشەکان لە مێشکی خۆمدا کۆبکەمەوە و یەکیان بخەم. پاشان قورئانەکە بکەمەوە و جارێکی دی بیخوێنمەوە. بەڵێ ئەمە ئەو وەڵامە بوو کە ساڵەهایە بۆی دەگەڕێم. الحمدلله!

هیچ جەنگێک لە ئارادا نەبوو، هەرگیزیش هیچ جەنگێک بوونی نابێت، هەموو ئەوانە دروستکراوی مێشکی خۆم بوو، کە لە کەلتور و کۆمەڵگەکە گەوجەکەی مێگەراکانەوە وەرمگرتبوون. مێگەراییەک بەو هەموو دژیەکییە نالۆژیکی و ناتەباییە مەعریفی و دووبەرەکی و ئیرەییەیەوە. ئیتر ئازاد بووم لەو بەستەرە بێمانا و بەمەبەست دروستکراوانەی کە ساڵانێک کردبووم

ASTANA

بە بارێکی قورس بە سەر خۆمەوە. تەواو! نەمان.

چەند ساڵێکی خایاند تاکوو بە تەواوی بیرە پەرت و ئاڵۆزەکانم ڕێک بخەوەمە و ئەقڵییەتم ڕاست بکەمەوە، خووە کۆنەکانم بە زەحمەت لەناوچووم..

ڕێک ئەو کاتە، بوو بە دەسپێکی گەشتە نوێیەکەم.

## بەشی حەوت

به تەنیا شەوێک وازم لە هەموو بیرە فێمێنستییەکانم نەهێنا!

ڕۆژێک کوڕێکی گەنج لە زانکۆی (هارڤارد) داوای لێکردم کە یەکێک لە هەژمارە کەسییەکانی باوکمی پێ بدەم، تاوەکو دەربارەی هاوسەرگیریمان قسەبکەن، منیش یەکسەر توشی دڵەڕاوکێ بووم. گەڕامەوە سەر بیرکردنەوە پەرت و جەنجاڵەکانی نێو مێشکم: «ئۆو، نەخێر! ئەم کوڕە دەیەوێت هاوسەرگیریم لەگەڵ بکات؟! بۆچی؟! ئایا من لەو کچانە دەچم کە پێشتر دەیویست هاوسەرگیریان لەگەڵدا بکات؟! بەو چەشنەش لاواز دیارم، یاخود بەجۆرێکم کە نەتوانم ئەرکەکانی خۆم ڕاپەڕێنم بەبێ ئەوەی پیاوێک یارمەتیم بدات؟! من چ جۆرە توانایەک پیشانی خەڵکی دەدەم؟ لاواز دیارم یان بە توانا؟ دەیەوێت چی بڵێت؟! بۆچی دەیەوێت هاوسەرگیری لەگەڵ مندا بکات؟!» هەربۆیە ڕەتمکردەوە! چونکە بە تێڕوانینی من هاوسەرگیری بۆ کەسە لاواز و بێ توانا و بەندکراوەکانە، منیش کەسێکی ئازاد و سەربەخۆ بووم! بەڵام دوای ئەم ڕەتکردنەوە خێرایەیی خوازبێنیکارەکە بەبێ هیچ پاساوێک، ساڵی دواتر کە بۆ دووەم جار داوای لێ کردمەوە زیاتر بیرم کردەوە. (بەڵێ، ئەو پیاوە داماوە دوو جار پێی وتم. پاش چەند جارێک گفتوگۆکردن سەبارەت بەم باسە لەگەڵ خێزانەکانمان، بە نابەدڵییەوە وتم: «بەڵێ». بەڵام هەستم بە نادڵنیایی دەکرد نەمدەزانی کە نادڵنیاییەکەم بەهۆی ئەوەوەبوو، یاخود تێڕوانینەکانم سەبارەت بە ڕەگەزی بەرانبەر و هاوسەرگیری... هتد.

سوپاس بۆ پەروەردگار، لەکۆتا ساڵی کۆلێژمدا هاوسەرگیریمان کرد،

ASTANA

واتە لە قۆناغی چواری کۆلێژ کەسێکی هاوسەرداربووم، بەڵام هیچ کام لە هاوڕێکانم لەو تەمەنەدا هاوسەرگیرییان نەکردبوو. هەموویان سەرنجی ئەوەیان دابوو کە چەندە گاڵتەجاڕانەیە تاکە کچی گروپەکەمان کە بەهەموو جۆرێک دژی هاوسەرگیری بوو ، ئێستا خۆی یەکەم کەسە کە هاوسەرگیری کردووە. ئەو کچەی سوێندی خواردبوو هیچ کات هاوسەرگیری نەکات!

پاشان قۆناغی چوارم تەواو کرد و دەرچووم، بەڵام نە کارێکی باشم هەبوو نە پرۆگرامێکی باشی تایبەت بە دەرچووان تا خۆمی لێ ناونوس بکەم، تەنانەت کاری خۆبەخشیش نەبوو بیکەم، هیچ شتێک نەبوو. خەریک بووم دەبووم بە ژنی ماڵەوە، هەر ئەوەندە. هاوپۆلەکانی ترم هەر زوو دەستیان کرد بە کارکردن لە بواری پزیشکی و یاسا و چەندان بواری تر لە (وۆڵ ستریت) چونکە دەرچووی هارڤارد بوون، منیش کە دەرچووی هارڤارد بووم یەکەم ساڵم وەکو ژنی ماڵەوە بەسەر دەبرد. بەڵێ...

ئەم بابەتە بۆ ماوەیەک لە مێشکم مایەوە، هەروەکوو بۆچوونە کۆنەکانم دەربارەی فێمینیزم و ئەو ئامانج و دەسکەوتانەی کە لێیەوە بەدەست دێن، هەستم بەوە دەکرد کە کورسییەکی خوێندنم لە زانکۆی (هارڤارد) بەفیڕۆداوە. لەوێ پێت دەڵێن دەبێت دەرچوون لە وەها دامەزراوەیەک بکەیت بە ئامڕازێک تاوەکوو «کاری مەزن» ئەنجام بدەیت، دوای «خەونەکانت» بکەویت، درک بە «توانا شاراوەکانت» بکەیت، «خزمەتی ئەندامانی کۆمەڵگەکەت» بکەیت. ئێمە بەم ئامانجانەوە لە (هارڤارد) ڕۆشتین.

چاوەڕوانییە مەزنەکان!

بەمجۆرە هاوسەرگیریم کرد و بووم بە ژنی ماڵەوە، کارم بووبوو بە دروستکردنی خواردن و خاوێنکردنەوەی ماڵ. بەڕاست، ئا ئەمە هەمووتوانا شاراوەکانی من بوو؟ قەرار بوو کاری ناوازە بکەم؟! خزمەتی کۆمەڵگەکەمم بکەم؟! هەستم بە شەرمەزاری دەکرد کاتێک چاوم بەو کچە هاوپۆلانەم

دەکەوت کە لەگەڵیان خوێندنم تەواوکردبوو، کاتێک دەربارەی کار یاخود نمرەی قوتابخانەیان قسەیان دەکرد و منیش هیچم نەبوو تا باسی بکەم.

هاوسەرەکەم زۆر بە هێمنی و ژیرانە چەندەی پێویستم بوو دەربارەی ئەم کێشانە لەگەڵم دەدوا. هاوکاری دەکردم تا شتەکان واقیعییانەتر و لە تێڕوانینێکی جیاوازتر لەوەی کە هەبوو و بووبوو بەشێک لێم ببینم، بەڵام ئەو بیرانەم دوای نەدەهات. بۆ ماوەیەک هەستم بە ئارامی دەکرد و پاشان دەگەڕامەوە سەر ئەو تێڕوانینانەم کە بوومە بە ژنێکی بێ مەبەست و بێ ئامانجی ماڵەوە. ئەمە بەشێک نییە لە مانای بوون بە ژنێکی سەرکەوتوو، چیتر نەمدەویت فێمێنیست بم، بەڵام نەشم دەویست ببمە جێی بەزەیی! لە ماوەی ئەو ساڵەدا فێربووبووم کە چۆن ماڵە بچوەکەکەم بەڕێوەبەرم، و مۆڵەتی شۆفێریشم وەرگرتبوو، زمانی عەرەبی و تەجویدم بەباشی خوێندبوو، بەڵام هێشتاش پێم وابوو ئەم شتانە بەس نیین.

ساڵی دواتر دەستم بە کارێکی نوێ کرد لە دامەزراوویەکی ئیسلامی تایبەت بە ئافرەتان، ئەمە وای لێ کردم هەست بە باشتربوون بکەم، کارەکەم و ئەو ئافرەتانەشی کە کارم لەگەڵ دەکردن زۆر لەلام خۆشەویست بوون. بگرە لەوەش زیاتر، هەستم دەکرد کە ئەو کارە دەکەم کە لێم چاوەڕوان دەکرا، گەڕابوومەوە سەر ڕێگە ڕاستەکە، بووبووم بە خاوەنی داهاتی خۆم، هاوشێوەی ئافرەتێکی سەربەخۆی مۆدێرنە بەوپەڕی شکۆوە. ژیانی هاوژینیم پێک هێنابوو، بەڵام هێشتاش پێویستم بە ئازادی و داهاتی خۆم هەبوو. نەدەکرا تەنیا لە ماڵەوە دابنیشم و ببم بە ژنییێکی بێکار کە بەتەواوی پشت بە هاوسەرەکەی دەبەستێت تاوەکوو بیژییەنێت، بەدڵنیاییەوە نابێت بەو جۆرە بم! ئەم قۆناغە گەشەسەندووەی کە تێیدابووم بە لەدایکبوونی منداڵەکەم گۆڕانت بەسەردا هات.

ASTANA

## بەشی هەشت - دایکایەتیی

سالآنێک بەخۆمم دەوت کە نامەوێت بە هیچ جۆرێک ببم بە دایک، من خوشک و برای لەخۆم منداڵترم هەبووە، بۆیە هەر لەتەمەنی هەرزەکارییمەوە سەدان جار دایبییە پیسەکانیانم گۆڕییەوە، هەرکاتێکیش خواردنم پێ دەدان نیوەی خواردنەکەیان بەسەردا دەڕژاندم، گۆڕینی پۆشاکیشیان لەولاوە بوەستێت وەکوو ئەوە وایە هەشتپێیەک بگۆڕیت، ئەمە جیا لەوەی کە شارەزایی تەواوم لە خەواندنیاندا هەبوو. وام هەست دەکرد کە بەپێی پێویست دایکایەتیم کردووە، بەجدیش پێویست نییە جارێکی دی بە کۆمەڵێک منداڵی نوێوە هەمان ئەزموون دووبارە بکەمەوە، لە ئەستۆگرتنی بەرپرسیارییەتی منداڵ ئەرکێکی قورسە. لەگەڵ گەورەبوون و پێگەشتنم، تایبەتتریش دوای پێکهێنانی ژیانی هاوژینیم بۆچوونەکەم گۆڕا، دەمویست منداڵم هەبێت ئەمەش ئارەزوویەکی ئاشکرا و فیترەتی ناخم بوو کە چاوەڕوان نەکراوانە دەرکەوت. دەمویست ببم بە دایک!

پاش دوو ساڵ کارکردن، بە یەکەمین منداڵمان دووگیان بووم، بە چەند مانگێک بەر لە کۆتایی هاتنی وادەی دووگیانییەکەم وازم لە کارەکەم هێنا. هەرچەند هێشتا شوێنەواری هەندێک بیری کۆنی وەکوو «بەهێزی ئافرەت»م لە مێشکمدا مابوو، بەڵام دەمویست لەماڵەوە بمێنمەوە و چاودێری منداڵەکەم بکەم و گەورەی بکەم.نەمدەویست کەسی تر بەو کارە هەڵبستێت، بەڵکوو دەمویست خۆم بیکەم و منداڵەکەم لەژێر چاودێری خۆمدا بێت. ئەم منداڵە و هەر منداڵێکی تر خودا پێمان ببەخشێت خۆم گەورەیان دەکەم، چونکە دەمویست کە هێندەی لە توانامدایە باشترین دایک بم بۆ منداڵەکانم. بەتەواوی و لە هەموو بارودۆخێکیاندا لەلایانەوە

ASTANA

بم. نەمدەویست منداڵییەتی هیچکام لە منداڵەکانمم لەدەست بچێت. چ کارێک بەنرخترە لە چرکەیەکی ژیانی منداڵەکەم؟

کاتێک یەکەمین منداڵم لەدایک بوو، جەستە بچووک و نەرمەکەیم لە ئامێزگرت و لێی ڕامام. خودا ئەم بونەوەرە بچوک و جوانەی زۆر نایاب بەدیهێناوە و سپاردوییەتی بە من. ئەرکی پارێزگاری لێکردن، خواردن پێدان، داڵدەدان، ئاگاداربوون، فێرکردن و هەموو پێداویستییەکانی ئەم منداڵەی خستۆتە نێو دەستەکانی من و مێردەکەمەوە.

بەرپرسیارییەتیم بۆ منداڵە نوێیەکەم وای لێکردم هەست بە ترس و خرۆشان بکەم. زۆر بە قوڵیش هەستم بە سەنگی ئەو پەیوەندییەی خودای مەزن دەکرد. هێنانە دونیای، چاودێریکردنی، ئاڕاستەکردنی عەقڵ و بنیاتنان و گەشەدان بە کەسایەتی و پەروەردەکردنی ئەم بونەوەرە بە من سپێردرابوو. ئەوەی کە لەم پەیوەندییەدا دەگوزەرێت لە ژیانی دونیادا کاریگەری لەسەر ئاخیرەتی خۆی و منیش دەبێت. کاتێک کە بۆ یەکەمین جار منداڵەکەمم لە ئامێز گرت، ئەزموونی هەستێکم کرد کە بەر لەوە هەرگیز هەستم پێنەکردبوو. پارێزبەندییەکی دایکانە و چارەسەرکردنێکی بەهێز. گەر ویستی خودای لەسەر بێت ناهێڵم هیچ ئازارێک دەستی بگاتە منداڵەکەم، نە ڕێگە بە ئازاردانی دەدەم لە لایەن ئەوانی دییەوە و نە خۆشم ئازاری پێ دەگەیەنم. ڕێگە نادەم پەرتی و نائارامی و هەڵە تێگەشتنەکانم هۆکاربن بۆ ئازاردانی منداڵە بێتاوانەکەم، کە زۆر بەمتمانە و بێهێزییەوە لە نێو باسکمدا پاڵیداوەتەوە. جا هەر بۆچوونێکیش سەبارەت بە «سەربەخۆی» و «بەهێزی»یە گەوجانەکەی فێمێنیزم کە لە مێشک و دەروونمدا ماوەتەوە دەبێت پشتگوێی بخەم، تاوەکو هەرگیز ئەو زیانانە بەر منداڵەکەم نەکەون. ئیتر بوونەوەرێک هەبوو کە بەتەواوی بوونییەوە پشتی پێ بەستبووم، منیش نەمدەویست پشتی لێ بکەم. وەها هەستێک

لە لێنزەکانی دایکایەتییەوە زۆر بەڕوونی دەبیندرا، لەکاتی لەئامێزگرتنی ساوایەکی وەها جوان و بەنرخ. بەمجۆرە تەواوی چەمکی «سەربەخۆی» زۆر گەمژانەتر لە واقیعییەتەکەی دەردەکەوێت. بە منداڵەکەتەوە پەیوەست دەبیت، وەکوو دایکێک هۆگر و ئاگاداری ساواکەت دەبیت، ئاگات لە یەک بەیەکی هەناسەدانەکانی دەبێت، پلەی گەرمی جەستەی، کاردانەوەکانی ڕووخساری و زمانی جەستەی، کاتێک دەگرییەت، وەڵامی دەدەیتەوە، کاتێک پێویستییەکی دەبێت، بەدەمییەوە دەچیت، ئەو توانای بەدەمەوەچوونی پێداویستییەکانی خۆی نییە و فێری ئەوە بووە متمانەی بە تۆ هەبێت خۆشەویستی و میهرەبانیت لێ چاوەڕوان دەکات.

دەروونناسەکان بەمە دەڵێن سیستەمی هۆگربوون، کە سیستمێکی دەماری بنیادنراوە و هانی خەڵکی دەدات بۆ گەڕان بەدوای پەیوەندییە درێژخایەنەکاندا لەگەڵ کەسانی تردا، واتا چاودێرە سەرەتاییەکانی وەکوو دایک و باوک. تێکچونی سیستمی هۆگربوونی منداڵ لە سەرەتاساڵەکانی تەمەنیدا دەبێتە هۆی تێکشکانی درێژ خایەن، هەندێک جاریش هەمیشەیی. دایکایەتی بەرچاوڕوونی کردم لەو پاشماوە نەگریسانەی فێمێنیزم کە لە کونجێکی مێشکمدا وەکوو تۆڕێکی پەنگخواردوو مابوون. بوونم بە دایک بەهەموو بەرپرسیارییەتییەکانییەوە، لە ماوەی دووگیانییەوە بیگرە تا کاتی هێنانە دونیای منداڵێک، پاشان شیرپێدان و گەورەکردنی هەتا دەبێت بە منداڵێکی کامڵ قورسترین ئەرکێکە کە بەتەواوی ژیانم بە ئەنجامم گەیاندبێت. زەحمەتترین کاریشە بەڵام پڕ پاداشتترینیشە.

لەماوەی پێنج ساڵ و نیودا خودا چوار منداڵی پێ بەخشیم، ما شاء اللّٰه. هەموو پێکەنینە فریشتە ئاساکانی، هەموو ئەو دەست لێدانانەی کە دەستە نەرم و بچوکەکانی بە ڕووخسارمەوە دەنوساند، دەنگی پێکەنینەکانی... ئەم شتانەی دایکایەتی سەد بارە ئاشقت دەکەنەوە!

ASTANA

کاتێک بە جەستە بچوکەکەیەوە خۆی دەخزێنێتە باوشتەوە و باسکە نەرمەکانی لە ملت دەئاڵێنێت، خۆشبەختییەک سەراپای دڵت دادەگرێت، ئەم خۆشەویستییە لە هیچ خۆشەویستییەکی تر ناچێت. دایکایەتی وات لێ دەکات کە سەرنجی شتانێک بدەیت کە دەیان ساڵە سەرنجدانیانت بیر چۆتەوە! دووبارە ئەو خاڵخاڵۆکە بچوکەی سەر زەوییەکە دەبینیتەوە، دووبارە کەوتنی گەڵایەک لە لقێکی دارەکە ئەهمییەتی دەبێت، سمۆرەیەک سەرنجت پەلکێشی جوڵەکانی خۆی دەکاتەوە! منداڵەکەت سەرنجی شتگەلک دەدات و بەجۆشەوە ڕووە و تۆیان دەهێنێت، هەمان ئەو شتانە مەحکوم بە سەرنجدانت دەکەن وات لێ دەکەن کە هێندەی منداڵەکەت بەجۆش بیت بۆیان. هەمان سەرسامبوونە منداڵانەکەی جارانت بۆ دەگەڕێتەوە، شتە ئاساییەکان نائاسایی دەبینیت، بۆ یەکەمین جار لە چاوی منداڵەکەتەوە ژیان دەبینیت.

بێگومان هەموو شتێکی گەورەکردنی منداڵیش ڕەونەقدار و جوان نییە، هەندێک لە شتەکان زۆر قورسن، نامەوێت زەحمەتییەکان شیرین بکەم چونکە بونیان هەیە. دایکایەتی قورسە، هەندێک جار هەست بە تەنیایی دەکەیت، جەستەییەن زۆر ماندوو دەبیت، چونکە زۆر جار ناچار دەبیت بۆ ماوەیەکی زۆر نەخەویت، یانیش هەر بیرت دەچێت ژەمێک نان بخۆیت، بەڵام دایکایەتی وات لێ دەکات لە باشترین ڕێگەکانەوە گەشە بکەیت. وات لێ دەکات کە خۆت لە ڕەفتارە خراپەکانت دابماڵیت و ڕووبەڕووی ترس و نیگەرانی و زەحمەتییەکانت ببیتەوە. وات لێ دەکات، بتەوێت ببیت بە کەسێکی باشتر، گەر بەخاتری خۆشت نەبێت، لانیکەم بەخاتری منداڵەکەت کە تەنیا تۆی هەیە لێ بڕوانێت و لێوەی فێر بێت. ئەگەر هەوڵی چاککردنی هەڵە و کەموکوڕی و ناتەواوییەکانت بدەیت، ڕوویەکی باشتر و کارامەتری خۆت لێ دێتە بوون و ئەمەش لەبەرگرتنەوەی شێوەیەکی نوێ دەبێت کە ناخی دایکایەتییەوە هەڵقوڵاوە، بە ئیزنی خودا.

ASTANA

## بەشی نۆ - ئەوپەڕی توانا شاراوەکان (Full Potential)

واتای چییە بۆ مرۆڤێک، جا پیاو بێت یاخود ئافرەت بگات بەوپەڕی توانا شاراوەکانی ؟! گەر بتوانین ئەم دەستەواژە ئاڵۆزە لێک بدەینەوە، چونکە هەست دەکەم بووە بە ئامرازێکی پڕ چەککراو و وەک هەمیشەش ئەم ئامرازە پڕ چرککراوە لە دژی ئافرەتانی موسڵمان بەکاردەهێندرێت. «ببە بەوەی کە دەتوانیت ببیت» ئەمە دروشمی سوپای ئەمریکایە کە زۆر جیاواز نییە لە دروشمی ئەمڕۆی فێمێنیستەکان: «بگە بە ئەوپەڕی توانا شاراوەکانت» هەمان دروشمن. هەردووک (سوپای ئەمریکا و فێمێنیستەکانی ڕۆژئاوا) بەدوای ڕاوکردنی شوێنکەوتووە نەفامەکانیانەوەن. هەردوولا هەمان شێواز بەکاردەهێننەوە بۆ زیادکردنی شوێنکەوتوانیان: هەوڵدان بۆ دروستکرنی ئارەزووی ساختە لە ڕێگەی ئامانجێکەوە بۆ کۆکردنەوەیان لە دەوری پرسێک. پێت دەڵێن پەیوەندیکردن بە سوپای ئەمریکا (یاخود مێگەرای)یەوە واتای پشت بەستن بە خۆت و تواناکانت و گەشتن بە هەموو توانا شاراوەکانی ناخت. چونکە ئێستا هەرچییەک بیت، هێشتا کەمیت، دەتوانیت باشتربیت، زۆر باشتر. ئەوەی لە ناخ و سروشتتدایە مەیکوژە.

سوپا دەڵێت: «تۆ هەر خۆت هاوڵاتییەکیت، بەڵام ئەوەندە بەس نییە، ئەمە هەموو توانای تۆ نییە، دەبێت ببیت بە سەربازێک کە لە جەنگەکانماندا شەڕ دەکەیت!»

فێمێنیزم دەڵێت: «تۆ هەر خۆت ئافرەت، هاوسەر، دایکیت، بەڵام

ASTANA

ئەوەندە بەس نییە، هەموو توانای تۆ نییە. دەبێت کچە-بەڕێوەبەرێکی سەربەخۆ، مێینەیەکی بەڕێوەبەر، شاژنێک، کچە-شەڕکەرێک، مێینەیەکی خودا ئاسا، بێباوەڕێکی ئازاد و یاخییەکی سەرسەخت بیت!»

من و هەموو ئافرەتیکی ژیر و هۆشیاریش دەڵێین: «نەخێر، سوپاس. من مێینەیەکی ڕەسەنم. ئەمەش هەموو ئەو شتەیە کە دەمەوێت ببم.»

تەنیا لەبەر ئەوەی ‹دەتوانیت› بیکەیت یان ببیت بە شتێک، مانای ئەوە نییە کە «پێویستە» ببیت. تەنیا لەبەرئەوەی کە دەتوانم بە خێرای (٩٥کم) بڕۆم لە ڕێگەیەکی گشتی، مانای ئەوە نییە کە پێویستە بەو خێراییە بڕۆم. ژیریت بڕیار دەدات کە کام لایەنی توواناکانت ئەرزشی گەشەپێدانیان هەیە، نەک تەنیا کوێرانە زۆر لە خۆت بکەیت و هەوڵی بەدەست هێنانی تەواوی «توواناکانت» بدەیت یاخود «ببیت بەوەی کە دەتوانیت.»

ئەم پێشنیارە هەڵخەڵەتێنەرانە، چ لەلایەن سوپای ئەمریکا یان فێمێنیستەکانەوە بێت، تەنها فێڵی سادەن. بوون بە هاوڵاتییەکی ئاسایی بەس نییە؛ ببە بە سەربازێک کە بتوانین وەکوو ئامرازێکی جەنگ بەکارت بهێنین لە جەنگەکانماندا. بوون بە کچ، خوشک، هاوسەر، دایک، داپیرە بەس نییە؛ ببە بە بەکارهێنەرێکی مێی تاکپەرست کە بتوانین لە ئابووری سەرمایەداریدا بەکارت بهێنین.

یارییەکە دەبینیت؟ هەمووی پڕوپاگەندەیە.

ئێستا، لەم وەرزەی ژییانم لەسەر زەوی، وەکوو ئافرەتێکی موسڵمان کە بەندە و گوێڕایەڵی خودایە لەگەڵ چوار منداڵی جوان کە وانەیان پێ دەڵێمەوە، و هاوسەرێکی میهرەبان و خێزانێکی فراوان و هەندێک هاورێی نزیکی زۆر ئازیز. هەست دەکەم کە گەشتووم بەوپەڕی توانام و ئامانجەکەم بەدی دەهێنم. هەموو ئەو هێز و توانایە کە خودا پێی بەخشیوم

ASTANA

بەکاردەهێنم بۆ کردنی کارە ڕاست و بەمانا و بەهاکە و ئامانجێکم هەیە. سەبارەت بە کردنی «کاری مەزن»یش بە بڕوانامەکەی هارڤاردمەوە، چ شتێک مەزنترە لە پاراستنی ژیانی مرۆڤێک لە منداڵدانتدا، پاشان هێنانە دنیایی بە ڕەزامەندی خودا و شیرپێدانی، پاشان گەشەکردن و فێربوونی؟ چ شتێک مەزنترە لە بەروەدان و هێشتنەوەی نەوەی ئایندەی موسڵمانان، کەسانێک کە دەبنە هەڵگری ئاڵای ئیسلام؟

هێشتاش ژیانم پڕە لە تاقیکردنەوە و تێکۆشان، بەڵام چیتر هەست بە زۆر لێ کردن و ماندوو بوون ناکەم. هیچ شتێک ناشارمەوە و بە شێوەیەکی ساختە هەوڵی ڕێکخستنەوەی سروشت و کەسایەتیم نادەم. هەست بە خۆشی و ئاسودەی و سوپاسگوزاری دەکەم، لەگەڵ ئەوەی بەپێی ستانداردەکانی فێمێنزم، من بەتەواوی ئافرەتێکی شکست خواردووم. بوون بە دایک و ژنی ماڵەوە چەقینە لە ناچاری کارە بێماناکانی چاودێریکردنی منداڵ و کارە جاڕسکەرەکانیان لەگەڵ هاوسەرەکەم وەکوو تاکە سەرچاوەی بژێوی بەبێ هەبوونی هیچ دەسکەوتێکی کاری، وای لەو کارەساتە!

بەڵام چیتر هیچ کام لەوانەم لا گرینگ نییە.

سوپاس بۆ خودا، چیتر هەست بە سەرلێشێواوی ناکەم دەربارەی پێناس و ئەرکەکانم. قورئان وەڵامی پرسیارەکانی دامەوە و کێشە و دژیەکییەکانی چارەسەرکردم، بیرکردنەوەکانم گەشەیانکرد و جێگیر بوون. متمانەم بە خودا کرد و پشتم بە دانایی خودا بەست، وازم لە بیرکردنەوە خراپ و نەرێنییەکانم دەربارەی یاساکانی ئیسلام و گریمانە خراپەکانم دەربارەت دروستکارەکەم هێنا.

ASTANA

## بەشی دەیەم - مێینەیی نەک مێگەرایی

لەکۆتاییدا، ئەمانە کۆمەڵە وانەیەکی بەنرخن کە لە گەشتەکەمدا بە قوڵای و ڕووکەشی فێمێنیزمدا فێری بووم:

### یەکەم: مێیەتی

چیتر چەمکی مێ بوون نیگەرانم ناکات، مێ بوون دۆخێکی سروشتییە لە ژنێکدا کە فیترەتی ژن بوونەکەی پاکژ و تەندروستە، هاوتای نێرییەتی پیاوان. ئافرەتی تەندروست لە چوارچێوەی مێ بوونیدا ڕەفتار دەکات نەک لە ڕێگەی بەرگریکردن و نکۆڵیکردن و هەوڵدان بۆ نیشاندانی فۆڕمێکی نێرانە لە بەدواداچوونی ‹هێز›دا.

### دووەم: ئابڕوو

بە پێچەوانەی بۆچوونی فێمێنیستە عەلمانییەکان، نە بەئابڕوو بوون لاوازییە و نە بێشەرمیش هێزە. ئافرەتێکی خاوەن ئابڕوو، ئافرەتێکی نامۆ و دواکەوتوو نییە کە بە سانایی کاریگەر بێت، یاخود ڕێگە بدات کەسانی تر خراپ مامەڵەی لەگەڵدا بکەن. ئافرەتی بە ئابڕوو زیندووە. «ئیبن قەیم» (ڕەحمەتی خودای لێ بێت) دەفەرمووێت: «کەرامەت و زیندوو مانەوە، زۆر بە قووڵی ڕۆچوون بەیەکدا و پەیوەستن پێکەوە.» ئاستی کەرامەتی ئینسانێک توانای زیندوو مانەوەی ئەو ئینسانەیە.

فێربووم کە چۆن هەستێکە موسڵمانێکی مێینە و خاوەن ئابڕوو بیت. پێویست نییە وەکوو کاتی هەرزەکاریم کچێکی کوڕ ئاسا بم، پێویست ناکات لە نێوان بژاردەکانی بوون بە کچێکی نیمچە داپۆشراو لەلایەک و بوون بە کچێکی بە ئابڕووی نێر ئاسا لەلایەکی ترەوە بمێنمەوە. زۆر ئاسانە وەکوو ئافرەتێکی موسڵمان مێینەییەکی بە ئابڕوو بیت، لە ڕاستیدا یەکێک لە لایەنە سەرەکییەکانی مێ بوونە تەندروستەکە بەئابڕوو (بەحیاء) بوونە، ئەمەش نەک تەنیا لە پۆشاکدا بەڵکوو لە شێوازی بیرکردنەوە، ڕەفتاری دروست، پۆشاک، ڕووانین، دووان و کرداریشدا. سەرەڕای هەموو ئەوانەش کەرامەت یەکێکە لە تایبەتترین خاسڵەتە ئیسلامییەکان.



## سێیەم: سەربەخۆی

پێویست نییە چیتر ئاستی سەربەخۆیی بوون و لێهاتوویم بسەلمێنم، زۆر لە خۆم بکەم بۆ کردن، یان بوون بە شتێکی تر. پێویست نییە هەموو هەوڵی خۆم بخەمەگەڕ تا نیشانی هەمووانی بدەم کە من ئازادم و پێوستم بە هیچ کەسێکی تر نییە «تایبەتتر پێویستم بە هیچ پیاوێک نییە» کە یارمەتیم بدات بۆ بەجێ هێنانی ئەرکەکانم. ناچارنیم هەوڵی بەدەستهێنانی کارێکی باش و بیمەیەکی گونجاو بدەم، چونکە ئەو بیمەیە دەرخەری بەهامە و گوزارشتە لە ئازادییە بێ سنورەکانم، هەروەها پارێزبەندییەکە لە حاڵەتی شکست هێنانی ژیانی هاوژینیم، هاوشێوەی زۆرینەی پرۆسە هاوژینییەکانی ڕۆژگاری ئەمڕۆ، مەگەر نا؟!

## چوارەم: پشت بەستن بە «هاوسەر»

لام ئاساییە کە هاوژینەکەم کار بکات و ئەرکی بەخێوکردنم لە ئەستۆ بگرێت، ئەوە ئەرکی سەرشانییەتی. منیش کاری خۆمم هەیە، نامەوێت کێبڕکێی لەگەڵ ئەودا بکەم. حەز بەوە ناکەم کە پێشی بکەوم، یاخود هەوڵی ئەوەبەم کە «لاوازییەکانمی» لێ بشارمەوە، یاخود وای نیشان بەم کە هیچ پێویستییەکم پێی نییە. درککردن بە دەسەڵات و ڕۆڵی هاوسەرەکەم وەکوو والی و ڕابەر بەسەر من و خێزانەکەدا هیچ گرفتی نییە لەلام، بگرە بەدەسەڵات بوونی و ڕابەریکردنی شتانێکن کە من لێی چاوەڕوان دەکەم و پشتی پێدەبەستم کاتێک کە ماندوو و نادڵنیام. پێوستمە ببێت بە ڕابەر و خاوەن دەسەڵات.

دەکرێت ماندوو بم، دەستبەرداربوون و نیشاندانی خاڵە لاوازەکان لە کاتی درک پێکردنیاندا باشتر و گونجاوترە لە هەوڵدان بۆ شاردنەوەیان وەکوو نهێنییەکی قێزەون. سوپاسگوزاری پتەوی و لێهاتووی و جێگیری هاوسەرەکەمم، ئەو پاڵپشت و پشتیوان و خۆشەویستی منە. نە گومانی لێ دەکەم و نە ترسی چارەنووسی هاوسەرگیرییەکەمانم هەیە، نە دوژمنی منە و نە نوێنەرایەتی هەمووشتێک دەکات کە پێویستمە. ئەو هاودەمی منە و منیش هاودەمی ئەو.

## پێنجەم: شەڕی ڕەگەزی و ژیانی هاوژینی

پیاو و ئافرەت، ژن و مێرد، ناچار نین لە شەڕی دژیەکیدا قەتیس بمێنن،ئەو بابەتە هی شەڕ و کێبڕکێ نییە، نە هیچ بەرەیەک و نە هیچ جەنگێک بوونی هەیە. ژن و مێرد یەک یەکەن، پێکەوە کار دەکەن، تاوەکوو شتانێکی جوان و ڕاستەقینە بنیادبنێن، شتێک کە پێویستی بە ڕەنج و

ماندووبوون و کاری پێکەوەیی هەیە، بەڵکوو پێویستی بە خانەوادەیەکی موسڵمان هەیە.

ئەگەر من و هاوسەرەکەم دژایەتی یەکدی بکەین، گەر بەردەوام دەمەقاڵێ و کێبڕکێمان بێت دژ بە یەکدی، تەواوی پرۆسەی هاوسەری شکست دەهێنێت، بەڵام خۆشبەختانە هیچ پێویست بە پێکدادان ناکات ئێمە پێویستمان بە یەکدییە، و هەریەکەمان ئەرکی تایبەت بە خۆمان هەیە کە بۆمان ئامادەکراوە و ڕاهێندراوین تاکوو باشترین پێشکەش بکەین. نەخشەکە خۆبەدەستەوەدان و لە ئەستۆگرتنی ئەرک و توانا سروشتییەکەتە بۆ جێبەجێکردنی ئەرکەکانت، بە فەزڵی خودا، جەنگان و هەوڵدان بۆ دووبارە نووسینەوەی ئەرک و فیترەتت، جگە لە سەرئێشە و بێچارەیی هیچیتر نییە.

فێمێنیزم، هاوشێوەی شەیتان هەوڵی شێواندنی پەیوەندییە بەسروست گونجاوەکەی ژن و مێرد دەدات. ژنان فێردەکات کە دژی پیاوان بوەستنەوە و نکۆڵی لە فیترەتی خۆیان بکەن، ئەمەش بەرەو نەگبەتیان دەبات.

## شەشەم: پەرتەوازەیی لەنێوان کار و دایکایەتیدا

دەبێت چارەسەری ئەو تەنگەژەیە بکەین کە بەمەبەست لە دەروونی ئافرەتی مۆدیرنەدا چەسپێندراوە، لە نێوان مانەوە لە نێو خێزان و ماڵدا یاخود کارکردن لەدەرەوەی ماڵ بۆ گەشتن بە «شکۆمەندی».

دایکایەتی مانای ئەوە نییە زیندانییەک بیت، ماڵەکەت کونجێکی زیندان نییە. هێشتاش دەتوانیت هەوڵی بەدەست هێنانی خولیاکانت بدەیت، بەهرەکانت گەشە پێ بدەیت، شتانێکی نوێ فێرببیت، تواناکانت

ASTANA

تاقیبکەیتەوە وەکوو دایکێک. دایکایەتی هاوشێوەی ئەو خەیاڵاتەیی کە بۆی نەخشێندراوە خنکێنەر و جاڕسکەر نییە، بەڵام دایکایەتی هەر خۆی «بەسە»، ئەگەر «تەنیا دایک» بیت ئەوا لە هیچت کەم نییە و خەریکی کارێکی مەزن دەکەیت. گەر دایکانی ئیماندار کاتێکی زیاتر لەماڵەکانماندا بمێنەوە، ئەوە کۆمەڵگە فۆڕمێکی جیاوازتری دەبێت. ئافرەتان پێویستی هەرە گرینگن بۆمان، ئێمە موحتاجی ئافرەتانێکین کە «تەنیا دایکن!».

وەکوو دایکێکی ماڵەوە، پێموایە کە لە شوێنی ڕاستەقینەی خۆمم، ئەو ئەرکە بەجێدەهێنم کە لەسەرم پێویستە لەبەر ئەوەیە کە جێگرەوەم نییە و شایستەترین بەربژێرم. ئەرکی گەورەکردن و چاودێریکردن و پەروەردەکردنی منداڵەکان وەکو موسڵمانێک، و بەڕێوەبردنی خێزانەکەم و پاڵپشتیکردنی هاوسەرەکەم. هیچ شتێکی تری ئەم جیهانە هێندەی ئەوان لام گرینگ نین. جێهێشتنی ئەم بەرپرسیارێتییانە بۆ کەسانێکی ناشایستە و گەڕان بۆ ئەرکگەلێکی ناپێویست لە گەوجی زیاتر هیچی تر نییە. ڕێک «گەوجی». ئایا ئێستا ئەمەی من دەیکە دەبێت بە بەفیڕۆدانی کورسییەکی زانکۆی (هارڤارد)؟!

## حەوتەم: مێینەیی و هێز

مێ بوون لاوازی و ناسکی و بێدەسەڵاتی و گێلی نییە، مێینەیی و هێز دژیەک یان تایبەتمەندی دوو لایەنی جیاکار نین، بەڵکوو خودی مێبوون لەخۆگرتنی هێزە. ئەو هێزەی کە لەلایەن ئافرەتانەوە خاوەندارێتی دەکرێت هەمان هێزی خاوەندارێکراوی پیاوان نییە. هێزێکی ژنانەی جیاکار لە هێزی پیاوانە بوونی هەیە. تەواوی تەمەنی هەرزەکاریم لەدووی ئەو «هێز»ە بووم، کە تەنیا شێوەیەکی دروستکراو و لاوازی ئەو هێزە پیاوانەیە

بوو، ئەوەی کە پێموابوو ئەوە هەموو ئەو هێزەیە کە دەکرا هەمبێت یان وای نیشانبەم کە خاوەنیم.

ساویلکانە هەوڵم دەدا کە هێندەی بتوانم بەهێز بم، و بەپێی پێویستیش لەبارەی هەستەکانمەوە نەدەدوام، هەروەها لەبەرکردنی پۆشاکی پەمەیی و درەوشاوە هێڵێکی تری سوور بوون لام، یان گوزارشت لە پێویستبوون و پشتبەستنم بە پیاو جا بەهەر چەشنێک بێت. فەرموو خۆت خاوەنی «هێز»یت.

بەڵام ئێستا و پاش ساڵانێک، تێگەشتووم کە «هێز» شتێکی تەواو جیاوازە. هێزی ئافرەت لە بەخشینی خۆشەویستی، ئەزموونکردنی ئاسودەیی، پەرۆشی، پەیوەندی لەگەڵ بەستن، سۆزدارییەکی ژیرانە و هاودەم بووندایە. بەڵێ، ئەمانە تەنانەت هێزی جەستەیشی لێوە بەرهەم دێت. هیچ دەزانیت کە چەندە هێزی جەستەیی و دەروونی و سۆزداریت پێویستە بۆ هێنانە دونیایی منداڵێک بەبێ بەکارهێنانی هیچ دەرمانێکی پزیشکی؟! ئەمە ئەو هێزە جەستەییەیە کە لە پیاواندا بەردەست نییە، کەچی ئافرەتان بە فیترەت خاوەندارێتی وەها هێزێکییان کردووە، بۆ هەمیشەش خاوەنین، ئەمە بەخششێکی خوداییە کە پێی بەخشیون، نەک بکرێت بە ئامرازێک و سەربکێشێت بۆ ململانێیەک لە نێوان هەردوو ڕەگەز، مەگەر دەشێت؟!

ASTANA

## هەشتەم: ئایا ئیسلام دژی ئافرەتانە؟

نەخێر. ئیسلام نە دژ بە ئافرەتە و نە بە پیاو. ئەوە تەنیا تاوانێکی بێ بنەمای مێگەرا و فێمێنیستە ئاست نزم و نارۆشنبیرەکانە دژ بە ئیسلام. دادگەری خودا بێ خەوشە، حەقە و بێبەرییە لە هەر ستەم و نادادگەرییەک بەرانبەر بە دروستکراوەکانی.

پیاو جۆرە هێزێکی تایبەت بەخۆیان و ئافرەتانیش جۆرێکی تایبەت بە خۆیان هەیە. ئەم دوو ڕەگەزە دوو دروستکراوی لێک جودای پەروەردگارن، هەردوولا بەجۆرێک لە جۆرەکان پێویستییان بە یەکدییە، هەر یەک خاوەنی شتانێکن کە ڕەگەزی بەرانبەر نییەتی. پێویستی یاخود نەبوونی شتێک مانای لاوازی و لەناوچوونت نییە، بەڵکوو زۆر بەسادەیی گوزارشتە لە دانایی دوانەهاتووی خودا کە چۆن بەدی هێناوین. نە هەڵەیە و نە خراپ، بەڵکوو ڕاستییەکی حاشا هەڵنەگرە. ئێمە جیاوازی فیترەتیمان لە نێواندا هەیە، ئەمەش وادەکات هەر یەک لە ئێمە بۆ کۆمەڵێك ئەرکی جیاواز شیاو بین.

وەستانەوە دژی حەقیقەت یاخود یاخیبوون لە فیترەتمان جگە لە نەگبەتی هیچی دی بەدوا نایات.

## نۆیەم: مەترسە، تەنیا سوپاسگوزاربە

فێمێنیزم هەستی بێمتمانەی و ترس لە عەقڵ و دڵی ئافرەتانی مۆدێرنەدا دەچێنێت. ترس لە نادڵنیایی، بێمتمانەیی بەرانبەر بە پیاوان، گومان لە داهاتوو. چەندان «چی ئەگەر»ی تر:

چی ئەگەر هاوژینەکەم جێم بهێڵێت؟

ASTANA

چی ئەگەر خیانەتم لێ بکات؟

چی ئەگەر ببێت بە وەحشییەکی دڕندە ئاسا؟

ئەی ئەگەر بمرێت؟

ئەی چی ئەگەر توشی ڕووداوێکی هاتووچۆ ببێت و ئیفلیج بێت و چیتر نەتوانێت کار بکات؟

ئایا بێماڵ و هەژار دەمێنمەوە؟

وەڵامی هەموو ئەمانە: تەوەکوولە، تەوەکوول بە خودا. ژیان پڕە لە نادڵنیایی، ئاستێکی دڵنیایی لە مەترسی هەیە، بەبێ بوونی هیچ گرەنتییەک، ئەمە ژیانی دونیایە. بەڵام گەر متمانەمان بە خودا هەبێت کە بە گوێڕایەڵیکردنی خودا براوە دەبین، گرینگ نییە کە چی ڕوودەدات. خودا ئاگادارە بە کردەوەکانمان بێ گوێدان بەوەی کە چی دەگوزەرێت. ڕێگەمەدە کاریگەرییە ترسێنەرەکانی فێمێنیزم کارت لێبکات

## دەیەم: ئیسلام سەرچاوەی ئابڕووە

ئێمە موسڵمانین، فێمێنیست نین. پێویست نییە خۆمان بپارێزرێن لە بەربەستە دواکەوتووەکانی فێمێنیستە عەلمانییە بێباوەڕەکان. ئێمە خاوەنی ئیسلامین، سیستەمە ناياب و بێ کەمووکورتی و گشتگیرە دروستکراوەکەی بەدیهێنەر هەموو عیززەت و شکۆ و گەورەیمانی تیادا کۆبووەتەوە. فێمێنیزم هیچی باشی نییە پێشکەشی ئێمەی بکات کە ئیسلام پێشکەشی نەکردبین. ئێستا دورکەوتومەتەوە لەو کاریگەرییانەی کە فێمێنیزم لەسەرم هەیبوو، هەست بە ئاسودەیی دەکەم لە ناخمدا. چیتر پێویست ناکات نکۆڵی لە فیترەتم بکەم و جەنگی خۆم و ئەوانی

دی بکەم. هەموو ئەوەی کە دەبێت بیکەم وازهێنانە لە بۆچوونە فێمێنیستییە ناماقوڵەکانم، و بوونەوە بەو خوودەی کە خودا بەدیهێناوە. بوون بە ئافرەتێک، بەندەیەکی خودا، هاوژینێک، دایکێک، ڕاهێنەرێک و پەروەردەکارێک بەسە. ماددییەت پێوەر نییە بۆ پێوانی بەهای من، هەموو شت وابەستەگییە بە ئاخیرەتەوە.

الحمدلله

ASTANA

# ناوەڕۆک


پێشەکی ........ ٥
بەشی یەک ........ ٧
بەشی دوو - ئافرەت، کولتوور و ئیسلام ........ ١٣
یەکەم: ئافرەت لە کولتووری میسریدا ........ ١٣
دووەم: ئافرەت لە کولتووری ئەمریکیدا ........ ١٣
سێیەم: ئافرەت و یاسا ئیسلامییەکان ........ ١٤
بەشی سێ - پەروەردە ........ ١٧
بەشی چوار - مێیەتی و لایەنی کۆمەڵایەتی قوتابخانە حوکوومییەکان ........ ٢٢
یەکەم: مسوڵمانێک لە خوێندنگەیەکی نا مسوڵمانی دواناوەندیدا ........ ٢٢
دووەم: مێیەتی چییە؟! ........ ٢٣
بەشی پێنج - خاڵی تێکشکان ........ ٢٦
بەشی شەش- ڕێنوێنی قورئان ........ ٣٣
بەشی حەوت ........ ٤١
بەشی هەشت - دایکایەتیی ........ ٤٤
بەشی نۆ - ئەوپەڕی توانا شاراوەکان (Full Potential) ........ ٤٨
بەشی دەیەم - مێینەیی نەک مێگەرایی ........ ٥١
یەکەم: مێیەتی ........ ٥١
دووەم: ئابڕوو ........ ٥١
سێیەم: سەربەخۆی ........ ٥٢
چوارەم: پشت بەستن بە «هاوسەر» ........ ٥٣
پێنجەم: شەڕی ڕەگەزی و ژیانی هاوژینی ........ ٥٣


ASTANA

شەشەم: پەرتەوازەیی لەنێوان کار و دایکایەتیدا ................................. ٥٤
حەوتەم: مێینەیی و هێز ........................................................ ٥٥
هەشتەم: ئایا ئیسلام دژی ئافرەتانە؟ ............................................ ٥٧
نۆیەم: مەترسە، تەنیا سوپاسگوزاربە............................................. ٥٧
دەیەم: ئیسلام سەرچاوەی ئابڕووە ............................................... ٥٨

ASTANA




ئەم نامیلکەیی بەردەستت بەشێکە لە ئەزموونی خاتوونێک کە سەردەمانێک فێمینیستێکی توند بووە و جەنگاوە تاوەکوو لەگەڵ پیاودا بە یەکسانی مامەڵەی لەگەڵ بکرێت، بەڵام دواتر و بەهۆی ڕوانین و ڕامانی لە قورئانی پیرۆز بۆی دەردەکەوێت کە چەندین ساڵە خۆی بە بیرێکەوە سەرقاڵ کردووە و شەڕێک دەکات کە هی ئەو نییە و ئەم لەم جەنگەدا بێ ئامانجانە شەڕ بۆ کەسانێک و دەسەڵاتێکی تر دەکات، هاوکات دەگەڕێتەوە بۆ ئەو بۆچوونەی کە ئەسڵە و ئەم بەناوی فێمینیزمەوە ماوەیەکی زۆرە لێی دوور کەوتووەتەوە. بە هیواین ئەزموونی ئەم خاتوونە ببێتە هۆی هەڵماڵینی پەردە لەسەر زۆر خاڵی هاوبەش و پاشان هەنگاونان بەو ئاڕاستەیەی کە دروستە.